# خۆشەویستی کچێك لەزانکۆدا

## کورتە رۆمان

نووسینی

شاخەوان عەلی حەمەد مامۆکی

-١-

کاتێك باوکم وەفاتی کرد، من تەمەنم دەساڵان بوو. . دایكو خوشكو برایەك بەو مووچەیە دەژیاین کە لەباوکمەوە بۆمان بەجێمابوو. . ئامینەی دایکم ئافرەتێکی وردیلەو باریكو لاواز،هەردوو شانی کەمێك خڕو کەوانەیین، بەردەوام لەچكو کراسێکی ڕەشباو لەبەر دەکا، هەر لەدوای مردنی باوکمەوە جگەرەیەکی زۆر دەکێشیو پەنجەکانی بەدووکەڵ زەرد هەڵگەڕاوە،تەنانەت لەنێو پێخەفیشدا بەر لەوەی بنووێ، جگەرە دەکێشێ. . نیگاری خوشکم تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندوە، ئیدی لەنەبوونیو نەداری ماڵەوەمان،خوێندنی جێهێشت. . من کە لەکەشو هەوای غەمو پەژارەی هەژاریو بێ باوکیدا خۆم ناسیوەو گەورە بوومە، حەز دەکەم لەخوێندن بەردەوامبمو وازهێنانو دانیشتن لەماڵەوە دادم نادا.

ڕۆژی شـەممە بـوو. . کراسـەنیلیو قەمیسـە سـپیەکەم پۆشـی، ئەوکراسو قەمیسەی دووساڵە لەبەری دەکەم، کەکتێبو دەفتـەرەکانم نایە بن هەنگڵو بەرەو قوتابخانە هەنگاومنا، وەکو جاری جاران کۆڵانە تـەنگو باریکەکـەم گرتـە بـەر، چـاوەکانم خسـتبووە بـەرپێو کەوتمـە بیرکردنەوە لەو ژیانو مەرگەساتەی ئێمەی تیا دەژیاین: ((دەبێ مـرۆڤ تا کەی بێ دەسەڵاتبێ؟! ئەی ئێمە تاکەی ئـاوا بـەترسو لـەرز ژیـانی نەبوونیو قوڕبەسەری ببەینـە سـەر؟! نـا. . نـابێ دەسـت لەخوێنـدن هەڵگرم تا بەئاواتەکانم دەگـەم. . حـەز دەکـەم بچمە کۆلێـژ تـا لـەدوا ڕۆژدا بتوانم بەو مووچەیەی وەریدەگرم یارمەتیەکی بچووکی ماڵـەوەی پێ بدەم. . بێگومان باری ئابووریشـمان باشـتر دەبـێ. . هیـوای بـرام لەپەیمانگـەی تـەکنیکی مووسـڵ دەخوێنـێ، ئـەویش خوێنـدن تـەواو دەکاو دادەمەزرێو مووچەیەك وەردەگرێ.. دەبێ خـۆم بگـۆڕم، دڵـم خۆشبێو چیتر بیر لەنەبوونی نەکەمەوە)).

ساتێ دڵم خـۆش دەبـووو پاشـان دەکەوتمـە گێـژاوی غەمـەوە: (( باشە ئەوە چوومە کۆلێژ، ئـەدی چـۆن مەسـرەفی چـوار سـاڵ بـەڕێ کەم؟! هیوای برام بەو نەبوونییە دووساڵی پەیمانگای بۆ تەواونـەبێ، جا من چۆن چوار ساڵ تەواوکەم کـە بەدووسـاڵ کراسـێکم لەبـەردابێو دڵم نێت بەشوێنی خراپدا بڕۆم نەوەکو پێڵاوەکەم بدڕێ؟!)).

لەگەڵ خۆدا مشتو مڕم بوو، بێئاگا لەحاڵی ڕۆیشـتنەکەم، سـەرم هـەڵنابڕی. . لـەناکاو سـەرم بـەرزکردەوە، کوڕێـك بـەرەو ڕووم هـات، خەریکبوو پێـك بکـەوین. . کوڕەکـە: بـاڵا بـەرزی ڕەنـگ ئەسمەر،چـاو ڕەشی برۆ شەیتانی، یەکەم جار بـوو لەوگەڕەکـەی ببیـنم، وادیـار بـوو ئـەویش قوتـابی بـوو، چـونکە چـەند کتێبێکـی پێبـوو بەپەلـە ڕێگـەی دەبڕی. . من کەمێ پەشۆکام، ئەو بەپەنجەکەڵەی دڵۆپـە ئارەقـەکانی ئـەم لاو ئـەولای نێوچـەوانی وردو خـاش کـرد، زیـاتر پەشـۆکاو لەگـەڵ جووڵەی من، جووڵاو پێشی گرتم. . سەرنجێکی پڕ لەڕكو تووڕیم دایێ،

لێـوی خـۆم کرۆشـتو ناوچـەوانم   گـرژ کـرد، خـوێن تێزایـە گۆنـام، لەشـەرمان سـوورهەڵگەڕام. . بەتووڕەییـەوە خـۆم لێـی لاداو ڕێگاکـەم بۆی چۆڵ کردو ڕۆیشت. بەدەم ڕێوە زنجـیرەی بیرکردنـەوەم بـەدوای ئەوکوڕەوە پچڕ پچڕ بوو، کەوتمە گێژاوی بیرکردنەوەیـەکی  قووڵـەوە، بیرکردنەوەیەك مێشکمی دەرزی ئاژن دەکرد.

وانەی یەکەم دەستی پێکرد، مامۆستا سـوهام هاتـە پۆلەکـەمانو کچە قوتابییەکی تازەی لەگەڵ بوو، کچـەکە بەکەلـەش دەمو چـاوێکی ڕووخۆشو ئێسك سووکی هەبوو، چاوەکانی زیتیو وریاییـان دەنوانـد، پێ دەچوو لەخێزانێکی دەوڵەمەندبێ ، قەمیسو کراسێکی پڕو پوختی لەبەر بوو لەگەڵ پێڵاوێکی جـوان لەهـەموو ئـەو قوتابخانـە بگـەڕابای، پێڵاوێکــی نایــابی تــرت نەدەدییــەوە.. کچــەکەی پێناســاندین: (( قوتابیانی بەڕێز: ئـەم قوتابییـە تـازە  هـاتووە.. نـاوی نسـارە، دەبـێ هەست بەغەریبی نەکاو  چاوتان لێبێو هاوکاری بکـەن)). کـە دەسـتی بۆمن درێژکردو ڕووی بەلای ئەودا سووڕاند (( دەی‌نسـار گیـان بچـۆرە دواوەو لای ئەو قوتابییە دانیشە)).

نســـار زۆر بەئەدەبانـــە هـــەنگاوینـاو هـــات لەتـــەکم دانیشـــت.. بـــەخێرهاتنێکی گـەریمم کـرد: (( یـاخوا بـەخێربێی سەرچـاوان. . زۆر دەمێکـە چـاوەڕوانی کەسـێك دەکـەم  ئـەم ڕەحلەیـەی مـن بەتــەنیا لەسەری دادەنیشم یـەکێکبێ پڕیبکاتـەوەو ببێتـە هـاوڕێم . . جـارێکی دی بەخێربێی سەرچاوان)).

پـاش تـەواو بـوونی وانـەی یەکـەم، بەڕوویـەکی خۆشـەوە ڕووی پرسیارم ئاڕاستەی کرد: (( من ناوم گەلاوێژەو خـەڵکی ئێـرەم. . ئـەی تۆ خەڵکی کوێیو لەچ قوتابخانەیەکەوە هاتووی؟!)).

نســار  بــەدەم بزەیــەکی بەمــەعزاوە نیگــای لــەنیگام چــەقاندو پێڵوەکانی نەرم نەرم لێك دەنانەوە، وتـی: (( منیش هـەر خـەڵکی ئـەو شــارەم، بــەڵام لەبچـووکیەوە ماڵمــان چــووەتە هــەولێر ، ئێســتاش

هاتووینەتەوە)).
بەزەردەخەنەیەکی گەشەوە هەڵمدا یێ: (( بەخێربێی،خۆشحاڵبووم بەناسـینت، هیـوادارم وەك دووهـاورێی دڵسـۆز، دوور لەکێشـەو گیروگرفت خوێندن لێرە ببەینەسەر)).
هاورێیەتی منو نسار بەتیپێەربوونی کات، رۆژ بەرۆژ خۆشـتر دەبـوو . . نسـار سـەرەرای ئـەوەی لەبنەماڵەیـەکی دەوڵەمەنـد بـوو، کەچـی سادەو ساکار . .ئەوەندەگرنگی بەجلو بەرگو پـارەو مـاڵ نـەدەدا. . سـەرەتا حـەزم نـەدەکرد ببمـە هـاورێی، چـونکە لام وابـوو لەچـینی ئـەودانیم، کەچـی نسـار بـۆ رەوینـەوەی ئـەو تارماییـە، بەپەنجـە دۆشاومژەی چەند جارێ چاوەخەواڵوەکانی هەڵگلۆفتو بێ پەروا وتی: ((نامـەوێ دڵـت بـەتۆزقاڵ لەبەرامبـەرم گـەردبگرێ. . راسـتەئێمە لەخێزانێکی دەوڵەمەندین، بەڵام وا راهاتووین هێنـدە گرینگـی بـەماڵو پارە نادەینو حەز دەکەین وەك هەر خەڵکێکی دیکە ئاسایی بژین)).
بـەم قسـانە هەسـتم بـەهێمنیو رەحەتیـەکی زۆر کـرد. . رۆژانـە لـەرێی قوتابخانـە تووشـی ئـەو کـورە دەبـووم کەلەیەکـەم رۆژدا رووبـــەرووی بوومـــەوە. . دووراو دوور تێمـــدەروانی،دەمزانی قوتابییەورەنگە لەوقوتابخانەی نزیك ماڵمان بخوێنێ، بۆیە بەورێگەیـە هاتوچۆ دەکا. . نازانم . . سەیرە ، بەبینینی ئـەو، هەسـتێکم لا رسـکا پێشتر دوورو نزیك هەستم پێ نەدەکرد.. لەدوورەوە بـۆیم دەروانـیو بە بەنزیك بوونەوەمان، سـەرم دادەگـرتو چـاوە سـحرییەکەم حەشـار دەدا. . بەم شێوەیە سێ چوار مانگ چاوپێکەوتنی مـنو ئـەو درێـژەی کێشـا، ئەمـەش وایکـرد بکەومـە داوی خۆشەویسـتی، ئـەو خۆشەویسـتیەی رۆژێ لـەرۆژان بـیرم لـێ نـەکردبۆوە. . زۆر جـار لەقوتابخانە هاورێکانم باسی ئەوبابەتەیان بکردایە،گاڵتەم پێ دەهـات، چونکە باوەرم بەخۆشەویستی نەبوو.
شـەوانە لەسـەر جێگەکەمـدا گێـنگلم دەداو ئـەم دیووئـەو دیـوم

دەکرد،وێنەی ئەوکوڕەم لەبەرچاو لانەدەچوو وەك خـەیاڵێك لەمێشـکم بجووڵـێ، بـەدەم هەناسـەیەکی قووڵـەوە بـیرم دەکـردەوەو لـەخۆم دەپرسی: (( ئـاخۆ دەبـێ نـاوی ئـەوکوڕە چـیبێ؟! پـۆلی چـەندبێ؟! خـەڵکی کـوێ بـێو. . )) کۆمـەڵێ پرسـیاری تـر تاخـەو چـاوەکانمی داگیردەکرد.

ڕۆژێکـی نـوێ داهـات، زیـاد لـەجاران گـرینگیم بـەخۆدا، کـراسو قەمیسەکەم کردەبەرو لەبەر ئاوێنەکە وەستام، بۆ چـەند سـاتێ پرچـم ڕێکخسـت. . بـۆ چـەند جـارێ تەماشـای روخسـاری خـۆم کـردو بەسەرسوڕمانەوە ڕوانیمە خۆمو لەبەر خۆوە دەمـوت: (( ئـای ئـەوە ماوەیەکە چیم لێقەوماوە؟! ئـەی بۆچـی دەروونم تێکچـووە، نـانم بـۆ نـاخورێ و دڵـم تونـد دەبـێ)). ئاوێنەکـەم جـێ هێشـتو کەوتمـە ڕێ، بەیانییـەکی سـافو بێگـەردبوو، ڕۆژیـش بریقـەی دەدایـەوەو ئـەو ڕەشەبایە توندو تیژەی سەر لەئێوارەی دوێنێکـەوە هـەڵێکرد بـوو، بـە تـەواوی وەسـتابوو. . دڵـم خەبەریـدا ئـەوکوڕە دەبینم،بۆیـە بڕیارمـدا نزیکی بوومەوە، بڕوانمـە چـاویو بـزانم ئـەو کـوڕە چییە؟! بۆچـی وا بەبێ دەنگی سەیرم دەکـا. . لەسووچـی کۆڵانەکـە دەرکـەوت ، بینـیم جلەکانی بـەری گۆڕییـەو پـانتۆڵێکی ڕەشو قەمیسـێکی نیلـی کرۆدتـە بەر، زۆر جوان لێی دەهات . . لەدوورەوە تێر تێر نۆڕیمە بەژنو باڵای، پاشـان سـەرم داگرت،کوڕەکـەخراپتر بـۆی دەڕوانـیم، پـێش ئـەوەی بگەینـە یـەك، سـەرم هـەڵبڕی، تەزوویـەکی سـاردم بـەگیان داهـات، بەوردی تەماشام کرد، دڵم زۆر بەخیرایی لێـی دەداو پەشـۆکام. . ئـەو سەری بەرز کردەوە، چاوەکانی وەك دەریا بەخێرایی شەپۆلیان دەدا، چـاوەکانی وەك ئەسـتێرە لەشـەوگارێکی تاریـكو ئەنگوسـت لەچـاو دەچریسکانەوە. . بەبینینی ئـەم نیگـاو شـەپۆلانە زیـاتر لەیـەك نزیـك بووینەوە، زۆر شڵەژام، ئارەقەیەکی گەرمی لینجم ڕشتو بەرگـەی ئـەو سەرنجدانەم نەما، ناچار چاوەکانم داخستو بـەبێ دەنگـی ڕێگەکـەم

بــڕی، کەچــوومە قوتابخانــە، نقوومی دەریـای خـەیاڵ بـوو بــووم، دەریـای دیـدەنی ئـەو کــوڕەی هێشــتا دووقســەم لەگــەڵی نــەکردووە . . نســار بەو دیمەنــەی مـن سەرسـامی دایگــرت، چــەند جــارێ پێــی ڕاگەیانــدم: ((گەلاوێــژ گیــان ئەوە نەخۆشی؟! بـۆ وا تێـك چوویتی؟!)).

منیش بەدەم زەردەخەنەیەکەوە شانێکم بۆی هەڵتەکاندو وتم: ((نا. . نا. . عەیبم نییە، زۆر باشم)).



-٢-

سۆزو خۆشەویستی ئەوکوڕەی هێشتا نازانم ناوی چییە، سەرسامی کردبـووم، هـەژانێکی  تونـد هەژانـدمی . . گـێرۆدەی داوی ئەشـقێکی سەرشێت وای لێکردبووم،شەکەت و ماندوو، تاقەتی خوێندنەوەم نەبێ. . ڕۆژیهەینی دەمە دەمی چێشتەنگاو ،  خۆرپەیتا پەیتا بەرەو چەقی گـەردوون ملیـدەنا. . شـل و شـۆق، غـەمگین و نیگـەران لـەژێر دار کـالیپتۆزی تەنیشـت چـیمەنەکە دانیشـتبووم، لـەپی دەسـتی چـەپەم خستبووە ژێر چەناگەو  تاویَ  دوان سەرم بەسەر سـینەم  کەوانـدبوو، ئەندێشەم ڕووەو جیهانێکی نادیار هەڵفڕی.

نیگاری خوشکم بەئەسپایی هاتە لام و لەسـەر چیچـکان ڕۆنیشـت ، پەنجـەی شـایەتمان گەیانـدە پشـتی ملـم و لـەبڕبڕەکانی گـیر کـرد، بەهەڵپەیەکەوە وتی  ((گەلاوێژ. . گەلاوێژ گەلاوێژ)).

کەشتی بیرکردنەوەم لەکەناری ئارامی نیشتەوە، بەتەوسەوە خۆم بادا: ((ها، نیگار چی بووە؟! چیت دەوێ؟!)).

بەدەم خەنینی ساختەوە، ڕووی پرسیاری ئاڕاستە کردم: ((دەڵێم ئەوە بۆ ماتو مەلوول دانیشتووی؟! بیر لەچی دەکەیەوە؟! ماوەیەکە تێبینیم کردوە هەڵسو کەوتو جووڵانەوەت ئاسایی نییە، هەست بەگۆڕانێ دەکەم، نهێنیەکی گەورەت لەدڵدایەو کەچی لێمی دەشارییەوە)).

سەرم هەڵبڕی. . سڵەمیمەوە وەك یەکێ مار بیگەزێ، بەهەڵچوونەوە لچم هەڵێنا : (( ببوورە من هیچ شتێکی شاراوەم نییە. . دەوازم لێبێنە با نەختێ بحەسێمەوە)).

ئەو دوو چاوە عەیارو عیشوەبارانەی کەپڕ بەبارەو دەیچریکاند، کەمێ تاسا،دووبارە تێهەڵچۆوە: (( وەك پێم وتی، تۆ وەکو جاری جاران نەماوی. . فەرموو بە تاقە پرسیاریێ شڵەژای،ئەمەش بەڵگەیە تۆ شتێکت لێقەوماوەو لێمی دەشارییەوە . . خۆ لەنسار تووڕە نەبوویتی؟!)).

بزەیەکی بزرم نیشتە سەر لێو، سەرم بۆی لەقاند، بەقەهرێکەوە دەنگم هەڵبڕی: (( نەخێر لەنسار تووڕە نەبومە، خۆزگە هەمووان وەك نسار دەبوون، دەبەسە یەخەم بەردە)).

ئەوجارە بەگوڕترڕ لێی دووپات کردمەوە: (( ئەی کەواتە بۆ بێدەنگی ؟! ئەو گۆڕانە کتو پڕەت مانایەکی قووڵو زۆر هەڵدەگرێ، ئەومانایە چییە))؟!

خۆم لەوەڵامەکەی بوورا‌ند: (( ئەرێ نیگار دەنگی دایکم نایە. . دایکم لەکوێ یە؟!)).

سادەو ساکار، بەشێنەیی: (( چووەتە ماڵی پوورم ئایش)).

پڕتاو ئاوڕێکی چەپو ڕاستم دایەوەو سەیری ئەو بولبولانەم کرد کە بەغەمباری لەناو قەفەزی بەر هەیوانەکە دەیانخوێند، درێژەم

بەقسەكانم دا: ((ئەی هیوا ،ئەو لەكوێیە؟!)).
بەساردو سڕو كەمتەرخەمیەوە : (( ئەویش بۆ ئەوێ ڕۆیشتووە)).
چـاوی بەمــەغزای تێــبڕیم، لەبــەرم پاڕایــەوە: (( دەســتم دامێنــت گەلاوێژگیان، تكات لێدەكەم وامەزانە گێلونەفامم، هیچ لەدونیا ناگەم. . بۆ نهێنی خۆتم لێدەشارییەوە هەر وەكوو. . . )).
لــەجێوە تــەكانم دایــە بــەرخۆو ڕاســت بوومــەوە، بەشــپرزەییەكی تێكــەڵ لــەبێزاری، قســەكانیم پێــبڕی: ( خوشــكم هەســت دەكــەم تــۆ خەڵەفابی. . فەرموو ئەوە گوێم گرتووە بزانم چیم لەدڵدایە؟! دەبیڵێ، ئەو شتە چییە من لێتم شاردۆتەوەو نایدركێنم!؟)).
نیگـار هەڵسـایە سـەرپێ‌و بەڕوویـەكی خۆشـەوە دەسـتی خسـتە سەرشانم، بە حەسرەتەوە: ((ئەوەی من هەستی پێبكەم خۆشەویستی مرۆڤێكەو ناتەوێ كەس هیچـی لـەبارەوە بزانـێ. . چـاوەكانت جـوان جوان دەخوێنمـەوە ، چـاوەكانت درۆ ناكـەن. . حـەز دەكـەم پێتبڵـێم ئاگات لەخۆبێ چونكە كوڕی ئەم زەمان‌و ڕۆژگارە زۆر بێسـیفەتن، بـێ وەفان، تاپـەیوەندی دروست دەكەن قـیڕی ڕەشـت بـۆ دەكەنـە سـپی، ئـیتر دەسـتی خۆیـان بینـی فریـوت دەدەن‌و هـەموو وەختـی خۆیـان بەڕابواردنی تۆوە دەبەنە سەر، واپێم وتی، خۆت تووشی سەرێشـەو گێژاوی وا مەكە، خەریكی خوێندنەكەتبی گـەلێ گـەلێ باشـترە هـەرنا دوو ڕۆژی دی چـــوویەكۆلێژ لەوێــدا خــەڵكێكی بــێ شــومار هەنــە پەیوەندیان دەگەڵ ببەستی، هەرنا كەبوویە مامۆستا ئەو حەلە خەڵك بەمەمنوونیەوە داوای دەستت دەكا)).
وچــانێك كرِوكــپ لێكــدیمان نــۆڕی، ئــەو درِی بــەو بێدەنگیــەداو دەمگەرمانە تێهەڵچۆوە: (( بۆ قسە ناكەی بۆ؟! شەرمم لێ مەكەو لێم مەترسـێ، سـوننەتی ژیـان واهـاتووە درەنگبـێ یـازوو، چ كـوڕ، چ كـچ هەست بەخۆشەویستی مرۆڤ دەكا بەتایبەت رەگەزی بەرامبـەری‌و هـەر لەوقۆناغەدا وادێتە پێشەوە پتر خۆی بناسێ)).

نەمتوانی بەرگەی ئەوقسانە بگرم، چونکە بەمێشك کـەیلو شـەکەت بووم، لەدڵەوە گریام، خۆم شلکردو لەباوەشی نەرمو گەرمی توامـەوە، هەنسکم دەداو سەرو قژی شێواوم بەڕاست وچـەپ بەبـەر هەنسـکەوە ڕادەتەکی، چاوانم بێزاریو ڕکیان دەنواند وەکو شەق شەقە دەلەرزیم. . بەهێمنی قژی سەرچاوانی لادامو دڵنەرمو میهرەبانە سەر زەنشـتی کردم: (( هەی شێتە ئەوە بۆ دەگری؟! دەی قسەم بۆبکە؟! ئەوەی لەدڵتەبۆمی بدرکێنە، ئاشکرا کردنی نهێنیـەکان ئۆخـژنو ئارامیـت پـێ دەبەخشـێ لـەوەی نهێنیـەکان بـەداخراوی لـەناخی خـۆت تەقـەت بکەیو خـۆتی پـێ ئـازار بـدەی. . دەبڵـێ دەی؟! ئـەی مـن خوشـکت نیم؟!)).

لەناخەوە حەزم کرد هەرچی زووە ئەوەی لە کانگـای دەروونمدایـە بیتەقێنمەوە، غـیرەتم دایـە بـەر خـۆو حـیرس گرتمـی، بـەدەم ڕشـتنی فرمێسـکی درشـتەوە، دەمـم هـەڵێنا: (( نیگـار، چـیت پێبڵـێم وچـیت لێبشـارمەوە؟! ئـەوەی مـن دووچـاری بوومـە بـەجارێ ژیـانی ئابلۆقـە داومو لەم نێوەندە وەکـو دێوانـەم لێهـاتووە. . لەسـەرەتای دەوامـی ئەمساڵ نزیکەی مانگێك دەبوو چووبوومە قوتابخانە، ڕۆژێکیان ڕووبـە ڕووی کوڕێك بوومەوە خەریك بوو بەیـەك بکـەوین، کوڕەکـە یەکـەمجار بـوو بیبیـنم، بەتێپـەڕبوونی کـات ڕۆژانــە دەمبینی،سـەرەتا هـیچ گرنگیەکم پێنەداو تێڕوانینم بۆی وەك هەریەکێکی تـر بـوو کەبەکۆڵانـە دوورو درێژەکەی ماڵی مام عـەزیز دەڕۆیـی، ئێسـتاش نـازانم بۆچـی کوڕە ئەو کۆڵانەی بەرنەداو لەبیری نەچۆوە ڕێگاکەی بگۆڕێ، ئەمـەش وایکرد بەرەبەرەو دوور بەدوور چاوی پڕ شەرمو عیشوەمان بۆ یەکـدی بنێرین. . ئەو دڵە شێتەم زۆر ڕاڕاو سەیرە ، نازانم خۆشمـدەوێ، یـان نـا؟! ئـەو کـوڕە پانتاییـەکی فراوانـی لـەهزرو زەیـنم داگیرکـردووە ،بەدەست خۆم نییە سەر بەکتێبەکانم دادەگرم، خوێنـدنم بـۆ نـاکرێ، دڵو دەروونم هەمیشـە تونـدەو ئـەوەی لەهەرشـتێ زیـاتر نیگـەرانی

کردووم، ئەمساڵ واخوێندن تەواو دەبێ،هێشتا نازانم ناوی چییەو خەڵکی کوێیە؟!)).

نیگار چاو ئەبڵەق بوو، بەنەرمو نیانیەوە دەمی هەڵپچڕی: ( ئەو کوڕەی تۆ باسی دەکەی، قوتابییە یاخود کوڕی کۆڵانە؟!)).

بەپەلەوەڵامیم دایەوە: (( بەڵێ. . بەڵێ قوتابییەو هەموو ڕۆژێ سەعات حەوتو نیوی بەیانی من دەگەمە ئەوسەری کۆلان، ئەو لەو سەری کۆڵان دەردەکەوێ چەند کتێبێکی پێیەو بەرەو قوتابخانەی بەیانیانی کوڕان دەچێ)).

نیگار بەدزە نیگایەك تێڕوانیمو بەبزەیەکی دەستکردەوە (( جا خوشکەکەم،ئەمە گریانی دەوێ؟! حەز ناکەم خۆت خەفەتخان بکەیو چیدی ئازاری خۆت بدەی ، چما ئەوەندەی دەوێ خۆتی بۆ کوژیو وەها خۆت وشك بکەیەوە، فەرموو خۆت لەبەر ئاوێنە دیوە چیت لێهاتووە؟! کوڕانی ئەمڕۆ لەوانە نین کچان لەپێناویاندا وەك پەروانە خۆ بسوتێنن)).

زیاتر دابەزییە سەرکوڕ: ((بەڵێ کوڕانی ئەمڕۆ بێوەفان، جێی متمانەو خاوەنی بەڵێنی خۆیان نین،کچانیان تەنها بۆ ڕابواردنی خۆیان دەوێو. . .)).

بەگاڵتە ئامێزەوە قسەکەیم لەدەم قۆستەوە: (( دەك سەرا لەئەقڵت ، بە گوێرەی ئەو دابەزینە زۆرەی تۆ، دەبێ جەنابیشتان ئەو قۆناغەی بڕیبێ، دە پێمان بڵێ ڕۆژێ لەڕۆژان تۆش هەستت بەخۆشەویستی کوڕێك کردووە؟!دەبڵێ دەی)).

نیگار هەناسەیەکی قووڵی پڕ بەسییەکانی هەڵکێشاو ڕوانییە دوا ئاسۆی دار کالیپتۆزەکەو سەری داگرتەوە وەك تەزوویەکی پڕ لەزەت بەهەموو دەمارەکانیدا مێروولەی کردبێ، گەرم داهات: (( ڕۆڵە ئەوەیتۆ ئێستا هەستی پێدەکەی، من سێ ساڵ پێش ئەمڕۆ هەستم پێکردووە، بەلام ئەوەی من زۆر لەوەی تۆ بەسوێترە، چانییە تۆ

هێشتا ئەو کوڕە بەتەواوی ناناسی، کەچی من دەمناسیو سەر شێتانە گیرۆدەی داوی ئەشقی بووم، بێ ئەوەی بزانم چۆن دەستم بەو خۆشەویستیە کردو چۆنیش کۆتایی پێهات)).


بەبزەیەکی سازگار وبێ باکانە وتم: (( باشە کوڕەکەت دەناسی؟! کێ بوو؟! توخوا گەڕ پێم نەڵێی، بزانم دەیناسم یان نا؟ بەخوا لای کەس باسی ناکەم)).

چاومان بڕییە یەکدی. .نیگار بەڕوخسارێکی تێك ترشای، ڕەنگێکی هێناو بردو ماندوانە زمانی گەڕاند: (( جاباسی بکەم یا نەکەم هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێ چونکە ئەوەی من تەمسیلیەك بوو، یەك کەس پاڵەوانی بوو ئەویش خۆم دەستم پێکردو هەر خۆم کۆتاییم بەتەمسیلەکە هێنا. . ئەوکەسە خزمی خۆمان بوو، ئیسماعیلی پوورم ئایش)).

دەمم بەش بۆوە،بەسەر سوڕمانەوە پرسیم: ((چی ییی؟! ئیسماعیلی پوورم ئایش؟! ئاخر ئەو ئێستا ژنی هێناوە)).

قسەکەی پێبڕیمو بەهانکە هانك: (( بەڵێ. . بەڵێ ئەوئیسماعیلە بوو کەئێستا ژنی هەیەووەختە منالی نۆبەرەیان چاو بەدونیا هەڵێنێ. . تۆ هێشتا چاوت بەهەموو شتێ نەدەشکا، ئیسماعیل زوو زوو بەدوای هیوا دەهاتە ماڵمان، بەدرێژاو لەو هاتنە بەردەوامەیدا، دڵم چووە سەریو کەوتمە داوی خۆشەویستی، وایلێکردم هۆگریبم،گەر هەفتەی جارێ دووجار نەهاتایە ماڵمان، دەشڵەژامو لەناخەوە گڕم دەگرت،هەر دیار نەبوایە زۆرم لەدایکم دەکرد بەیەکەوە بچینە ماڵی پوروم ئایش، لێتی ناشارمەوە چاوەڕوان بووم، باوەڕیشم وابوو ئیسماعیل بەڕاستی خۆشی دەوێمو ڕۆژێ دێ داوام بکا، وەلێ ئەفسووس پاش چاوەڕوانی دووساڵ، بۆ دواجار ژنی هێنا. .جا تۆ چۆن باوەڕ بەکوڕێ دەکەی هێشتا نازانی ناوی چییە؟!)).

نەختێ دامام، شەرمێکی کوشندە دایگرتم، نائومێدانە لێم پرسـی: (ئەی باشە  چارم چییە؟!)) ئەو کەگەمەی بەملوانەکەکەی ملی دەکرد، بەتەوســەوە: (( مــن بۆیــە زوو حــەزم کــرد قســەت لەگەڵــدا بکــەم تادوورۆژی تر وەکومن دەستی خۆت نەسوتێنیو پەشیمانی دادت نادا. . دیسان سەرزەنشتت دەکەم دەبێ ئاگـات لـەخۆبێو هەوڵـدە کـەمتر تەماشـای بکـەیو زێـتر خووخـدەت بـدەرە خوێندنەکــەت، چــونکە هــەر خوێندنەکــە بەکەڵکت دێ)).



هەردووشـانیم تونـد گـرتو ڕامتەکانـد، بەهەناسەی سوارەوە بزەیەکم بۆ نایە سـەر لێـو: (( نیگارگیـان توخـوا ئـەم قسـانە لای کەس نەدرکێنی، بادایکیشم نەزانێ)).

لــەژێرەوە مەکربازانــە ســەیری کــردم و بزەیەکی هاتـێ، کـە دایـە قاقـای پێکـەنین: ((باشە باش. . باشە تۆش بەکەس مەڵێ)).

شاگەشکە بـووم بـەوەی تـوانیم ئـەوەی لەدەروونمدایە بـۆ یەکـەمجار بیدرکێنم،هـەر لەوســــاتەدا بــــوو دایکــــم هاتــــەوە، بەچــاوپێکەوتنمان، لــەدوورەوە بــەقوڕگی نووساوەوە دەنگی ڕادێـرا: ((هاکچـینە چـی بووە؟! ئەوە بەچی پێدەکەنن)).

نیگـــار بەمـــەکرەوە، زوڵاڵو عاشـــقانە لەسەر پێکەنینەکەی بـەردەوامبوو : ((هـیچ نییـە دایـە گیـان، گەلاوێـژ نوکتەیـەکی زۆر خۆشیگێڕاوە)).

## -٣-

بڕیارمدا هەوڵدەم گۆڕانێکی تەواو بەسەرخۆدا بێنمو ئامۆژگارییەکانی نیگاری خوشکم بکەمە گوارەو لەگوێی بگرم، سەرەتای ئەم کارەم بەگۆڕینی ڕێگا بۆچوونە قوتابخانە دەست پێکرد. . تاسێ ڕۆژ هاتوچۆیەکەم ئاسایی بوو، لەچوارەم ڕۆژدا گەرما گاڵەی دەکرد، کاتێ گەیشتمە سووچی کۆڵانە تازەکەو چەند هەنگاوێکم هاویشت، جارێکی دی ئەو کوڕەم لێ پەیدا بووەوە کەسێ ڕۆژە خۆم لێی حەشارداوە دوورو نزیك نەیبینمو نەمبینێ. . لەجێوە تاسام، دڵم کەوتە لێدان، گوێم لەترپە ترپی دڵی خۆم بوو، ئەو وەکو گوڵێ بگەشێتەوە، بەبینینی من ڕەنگی گەشایەوە،هێدی هێدی بەرەو لای یەکدی هەنگاوماندەنا تاگەیشتینە ڕاست یەكو ئەو لەدڵخۆشیو بێ ئاگایی خۆیدا بەئاستەم شانی بەر دەستم کەوتو کتێبێکی پێ

بەردامـەوە . . دزە نیگایـەکم تێـبڕیو سـڵمکردەوە، بێهـودە پەسـتو تووڕە بووم، کوڕەکە شەرمێکی کوشندە دایگرتو دانوشتایەوە، بەهەر دوو دەستی چنگی لەکتێبەکە گیرکردو هەڵیگرتەوە، کە بەدەستێکی لەرزۆکـەوە کتێبەکـەی بـۆ ڕاگـرتم: (( داوای لێبوردنـت لێدەکـەم .. ببوورە)).

بەڕقەوە دەستم بۆ کتێبەکە درێژ کردو لەدەستیم ڕاپسکاند. . ئەو بەبێ دەنگی خۆی لێ لادامو بەشلەژاوییەوە بەرەو قوتابخانە ڕۆیشـت، منیش خێران تێپەڕیم،خەمو پەژارەیەکی دڵپروێن هەوزەڵی بـۆ هێنـام، تادەهـات خـەم پـتر دڵـی دەگوشـیم، لەکاتێکـدا مـن دەمـەوێ چـاوم بەچـاوی نەکـەوێ. . فـەرموو ڕێگـەیخۆم گـۆڕی کەچـی ڕێگەکـەمی دۆزییـەوە، هـەر لەوقسـانەدا بـووم، بزەیـەکم نایـە سـەر لێو،سـەرم داخستو ددانم دەچیرەوە بردن: ((ئاخر هەی شێتە گـەر تـۆ دەتـەوێ بەڕێگا گۆڕین خۆتی لێ بدزییەوە، ئەو لەتۆ زۆر زانترە بـۆ دۆزینـەوەی ئەوڕێگەیە)).

ڕۆژ: چوارشەممە

ڕێکەوت: ٣/٢٥ بوو

هـەتاوی بـەهار بەهـەموو تیشـكو ڕووناکی خۆیـەوە دەرو دەشـتی داگرتبوو، پێش هاتنی مامۆستا بۆ پۆلەکەمان، لـەژوورەوە مـنو نسـار بەیەکەوە دانیشتبووین لاپـەڕەی قسەوباسـی دونیامـان هەڵدەداوە. . ئێستاش نازانم بـۆ ئەوەنـدە دڵـم بـە نسـار خۆشـبوو، کچێکی سـادەو سـاکار، سـەرەڕای گـەورەبوونی لـەخێزانێکی دەوڵەمەنـد، لووتبـەرزی ومانـای گـەورەیی نـەدەزانی چـییە، زۆر جـار بەپێکەنینـەوە دڵـی دەدامەوەو چاوی لێدا دەگرتم: ((گەلاوێژ گیان باوەڕ بکە دەوڵەمەنـدی هـیچ لـەزەتو خۆشـیەکی وانییـە وەك خـەڵك تێیگەیشـتوون هـەموو شتێکە. . بەختـەوەری گـەورەترین گەنجینـەو دەوڵەمەنـدی دەروونـی مرۆڤە، پێویستە مرۆڤ لەدوای بەدەستهێنانی بەختەوەری بگەڕێ)).

ئەو ڕۆژە وانەی یەکەم تـەواو بـوو، زەنگـی چـوونە دەرەوە لێیـدا، بەیەکەوە چووینە گۆڕەپانەکەو دەستمان نـابووە دەسـتی یەکدی. .
نسار بەدەم پیاسەوە کـەمێ چـاوەکانی هـەڵگلۆفی: (( ئـەرێ دەزانـی ئەمڕۆ چەندی مانگە؟!)).
بێ ئەوەی بخەجلێم، وەڵامیم دایەوە: (( بیستو پێنجی مانگە)).
بریسـکەیەك لەچـاوانی هەڵسـا، پـاش تـاوێ بێـدەنگی، لەسـەری ڕۆیشـت: (( ئـەی بـەیانی، دووبـەیانی بسـتو حـەوتی مانگـە، کەواتـە دەزانی چی ڕوو دەدا؟!)).
لەجێوە سرك ، قامکم لەزارمناو لـەفکران ڕاچـووم، ماوەیـەك بـیرم کردەوە، لەناکاو وتم: (( چی ڕوودەدا؟! دەزانم هیچ ڕوو نادات چونکە ڕۆژی هەینیەو ڕۆژی هەینی دەوام نییە)).
دەمگەرمانە تـێ هەڵچۆوە: (( دەنـە نـەتزانی . . ڕاسـتە بیسـت و حەوتی مانگ ڕۆژی هەینیە، بەڵام ئەو ڕۆژەیـادی لەدایکبوونمـە، خـۆت دەزانی من لەماڵەوە کچی بچـوكوتاقانەم. . بـاوکم هـەموو سـاڵێ لـەو ڕۆژەدا ئاهەنگێکی بچکۆلانەم بۆ سازدەدا، جا ئەمساڵ جیـا لەسـاڵانی پێشوو من لێرەکەس بەتەواوی ناناسمو تۆ یەکەم برادەری منی، بۆیە دەبێ تۆ یەکەم کەس بێیتە ماڵمان)).
بەزەردەخەیـەکی بەمـەغزاوە، باوەشـم لێـدا: (( پـیرۆزە. . پـیرۆزە گیانەکەم، بەس نازانم ئایا دێم یان نا؟! چونکە. . .)).
نەیهێشت قسەکەم تەواو کەم، وتی: (( من ئەمە نازانم چـییە ، مـن هەمیشە لای دایك و باوکم باسی تـۆ دەکـەم، تـۆش نەیـەی ؟! پـەح پەح ئەمە قەت قەبوڵ ناکرێ، تێگەیشتی؟!)).
بەکـەمێ شـڵەژاوییەوە: (( دەباشــە بـابزانم چـۆن دەبـێ؟! کـە چوومەوە پرسێك دەکەم)).
ڕۆژی دواتــر، لەیەکــەم دیدەنیــدا، بەڕوویــەکی کــراوەوە دەمــم هەڵێنا: ((نسار گیان دوێنێ بەدایکمم وت، دەزانی مانعی نـەبوو، بـەڵام

وتی دەبێ زوو بچیو زووبێیتەوە)).

بەم هەواڵە دڵخۆشبوو. . توند هەردوو شانی گرتمو ڕایتەکاند: (( زۆر سوپاس. . سوپاست دەکەم لەیادت نەچێ ئەمڕۆ شتێکم بەدیاری بۆهێناوی، نابێ بەهیچ شێوەیەك تەفسیری بۆ بکەی)).

ڕەنگم پەڕیو بەپەلەپروزێ: (( شتی وەك چی؟!)).

ئەو زەرفەی بەدەستیەوە بوو، کراسێکی جوانی سووری ڕەنگ ئاڵی تێدا بوو. . کشو مات، دەمم چووە کلیلە. . ئەو دڕی بەو بێدەنگیەدا: (( نا. . وەك وتم نامەوێ بەهەڵەتێبگەی،ئەمە دیارییەکی بچووکەو هیچی تر. . من تۆم لەجێی خوشکم داناوە،ئەوخوشکەی بەئاواتەوەم ڕۆژانە لەگەڵمابێو وەکو تۆ قسەی خوشم بۆ بکا)).

قەفو لوولی قژە تەنكو خورماییەکەی بەرملو گەردنم وەلاداو بەسەر سامیەوە پرسیم: (( ئاخر چۆن دەبێ من بەم کراسەوە بێمە ماڵتان؟! ئەی دایكو باوکت؟! ئەی براکانت؟!)).

بەپێکەنینێکی دەستکردەوە: (( بڕوا دەکەی ئەم کراسە دووساڵە کڕیوومەو هێشتا لەبەرم نەکردوە. . بۆ باوكو براکانم ئەوە هەر تەماشای جلو بەرگ ناکەن، دایکیشم ئافرەتێکی سادەو ساکارە،ئێستا لێم حاڵی بووی؟!)).

بەسەربادانەوە: (( باشە باش . . بەس تائێستا ماڵتان بەتەواوی نازانم لەکوێیە؟!)).

یەکسەر هەڵیدایێ ((دەگوێ بگرە باپێت بڵێم)).

کە ناونیشانەکەی بۆ هەڵدام، وتی: (( دەبێ لەسەعات چوارو نیوی عەسرەوە لەماڵمان ئامادەبیو چاوەڕێت دەکەم)).

*           *           *

ڕۆژی هەینی داهات. . خۆم لەبەردەم ئاوێنە شکاوەکەی ماڵمان ئارایشتداو کراسە سوورەکەم پۆشی، پرچم بۆ یەکەمجار بەرداوە سەر شانوو پەرچەمم داگرتو لێوەکانم سوور کرد. . نیگاری خوشکم

بەدیارمەوە چاو ئەبلەق وەستابوو، تێیدەڕوانیم، ویستی شتێك بڵێ، وەلێ تفی خۆی قووتدایەوەو هیچی نەووت، زیاتر لێم نزیك بۆوە، دایە قاقای پێکەنین: ((کچێ گەلەکە بەچاو نەچی. . بەخوا هێندە جوانیو ئەوکراسەت هێندە جوان لێدێ، دەڵێی بۆتۆ دروست کراوە، باوەڕ دەکەی گەر قەلەکەت مەبەستم کوڕەکە بەم شێوەیەت ببینێ، یەکسەر پەلامارت دەداو لەئامێزت دەنێ، چونکە دەڵێی بووکیو لەبووکیش جوانتر)).

لەناخەوە خۆشیەکی بێ ئەندازە گەمارۆی دام: (( ئاخر هەی تەرەس، بڵێ برینم بۆ دەکولێنیەوە بۆ خۆم تۆزێ ئەوکوڕەم لەبیر کردبوو)).

بەدڵێکی فێنكو ئاسوودە ماڵەوەم جێهێشتو هەنگاوی ئاسایمنا. . بەدەم ڕێوە لەفکران ڕاچووم: ((دەبێ ئێستا نسارچی لەبەربێ؟! ئەی ماڵیان؟! دەبێ دایكوباوكو براکانی چۆنبن؟!)) کۆڵانی مام عەزیزم تەی کردو بەرەو ژوور داغل بوومەوە. . ماڵی نسار کەوتبووە کۆڵانێك، هەموو خەڵکەکەی دەوڵەمەند بوون، ئەوانیش هەر لەبەر ئەو دەوڵەمەندیەیە لەو کۆڵانە خانوویان کڕیوە)). وردە وردە نزیك بوومەوە، لەدەروونەوە: ((ئا، خۆیەتی. . چوارەم دەرگا نا، پێجەمین دەرگا دوو دەریەکیڕەساسی گەورەیە)).

هەنگاوەکانم سووك کردەوە تا لەپێش دەرگاکەیاندا هەڵوێستەم کرد. . هەناسەیەکی قووڵی پڕ بەسیەکانم هەڵکێشا، نەختێ خۆم گورجو رێکخستەوە، دەستم بەزەنگەکەوەنا، چاوەڕوانبووم نسار دەرگاکە بخاتە سەر گازەرەی پشت. . دیسان سەرم بۆ خوارەوە داگرت تابزانم جلەکانی بەرم چۆنە؟! لەجیرە جیڕی کردنەوەی دەرگاکە، سەرم هەڵبڕی . . ئەوەی بەو چاوانە بینیم، هەرگیز بیرم بۆی نەدەچوو وابەرامبەر کوڕێك وەستاوم، کوڕێك رۆژ نییە نەیەتەڕێمو چەند مانگێکە دڵی رفاندووم، زمانم لەدەمدا بووە تەلاشە دارێك،

نەمزانی ئەوە خەونە یا ڕاستی. . کوڕەکە شاگەشکەو گوشاد بەهەر چوار دەورەی خۆی ڕوانیو بەحەسرەتەوە چاوەکانی وەك تەیرێکی سەر لێشێواو نەیدەزانی تەماشای کوێم بکا؟! ئەوەی ئاواتی بۆ دەخواست وا لەبەر دەمی وەستاوە.. دەستم بۆ دەمو چاوم برد، ویستم قسەیەك بکەم،هەردوولێوم لەزرین، ئەو لێوانەی غەرقی سووراوێکی خەست ببوون، هەر هاتە سەر زارم: ((نا.. ئێرە هەوە..هەونییە. . نا . . دیارە هەڵەم کردووە)).

ڕووم وەرچەرخاند بڕۆم. . ئەوبەدووچاوی پڕ لەشەرمی شەهوەتو خەمتێزاوەوە سەیری کردم: ((فەرموو کێتان دەویست؟!)).

دەمم شەرمی لێدەتکا، بەپەشۆکاویەوە: (( بێ زەحمەت ئێرە ماڵی نسا رنییە؟! نسار ئەحمەد؟!)).

دەست و پەنجە سپیە خرپنەکەی هەڵتەکاند: ((بەڵێ ، بەڵێ خۆیەتی. . ماڵی نسارە . . فەرموو فەرموو هەڵکشێ)).


نسار بەتەنگەتاویەوە بەرەو لامان غاریداو لەدوورەوە بانگی ڕادێرا: ((انزار ئەوەکێیە؟! گەلاوێژە؟!)) بەخێرهاتنێکی گەرمی کردمو ئەملاو ئەولای یەکدیمان ماچ کرد، بەدیقەوە لەجلەکانم ڕاما، کۆڵێ کەیفساز بوو: ((ئەڵڵا کەجوانی . .بڕوا ناکەم،ئەوە تۆی؟! فەرموو فەرموو، وەرە ژوورەوە)).

شەقاوێکم بۆ پێشەوە هاوێشت. . نزار وەك بتێکی بێ گیان هەر لەجێی خۆی وەستابوو، چاوی لێ نەتروکاندم، نسار بەزەردەیەکی واتا دارەوە وتی: (( کچێ لە بیرم چوو بەیەکترتان بناسێنم. . گەلاوێژ خان ئەمە برامە، ناوی نزارە وەکو زۆر جار بۆ م باس دەکردی قوتابییەو ساڵێك لەمن گەورەترە)).

کەڕووی بەلای نزار وەرگێڕا: ((ئەمەش گەلاوێژەو لەقوتابخانە یەکەم برادەرمە)).

من ونزار لەتەماشاکردنی یەکدی زۆر بێ شەرمانە دەمانڕوانیە

یـەکتر. نسـار بـەخێرایی دەر
دەناسن؟!)).
خـۆم لـەگوورە نـەبرد وەکـو ئـەوەی نەیناسـمو لەژیانمـدا نـەمبینیبێ، ڕووم کردەنسـارو بەهەناسەی سوارەوە وتم: ((نـا. . نایناسـم. . ئەمـە یەکـەمجارەدەیبینم، بەهـەر حـاڵ خۆشـحاڵم بەناسینی)).
نـزار وەك پڕشـنگی خۆشەویسـتی تیـا کوژابێتـەوەو ڕەنگـی بەبـەرەوە نـەمابێ، یـەك دووجـار تفـی گـەرووی قووتداو بەساردییەکەوە: ((هـەروەها منـیش خۆشحاڵم بەناسینت)).
نسـار دەستی گـرتمو هـەدووکمان بـەدەم زەردەخەنـەوە بـەرەو سەرەوە هەڵکشاین.



-٤-

نسـار جگـه لـه نـزاری بـرای بچـووكی، دووبـرای لـەو گـەورەتری هەبوو،ئــەوان دەمێكــە ژنیــان هێنــاوەو بــەماڵو منالّەوەلەســلێمانی دادەنیشنو بۆ ئەم یادە بەسەردان هاتبوونە كەركوك.

نسار لەڕێڕەوەكـە قـۆڵی نایـە قـۆڵم، گەیشـتینە هـۆڵی پێشـوازی، زەردەیەك لەسـەر لێـوی پەیـدا بـوو. . یەكـە یەكـە دایـك وبـاوك وبـراو براژنەكانی پێناساندم، بزەیەكی بەئاستەمم نایە سەر لێو: ((خۆشـحاڵم بەناسینتان)).

بیرومێشكم وەكو ئەسپی سەركێش غـاری دەدا، ئـەوەی بەخـەیاڵم نەدەهات نزار بوو . . چۆن دەبێ ئەوكوڕە گەنجەی خۆشم دەوێ برای نساربێ؟! جارێ چەشنی گوڵ دەگەشامەوە بەوەی ئەوكەسـەی نـاخو دڵو دەروونی داگیر كردووم كێیەو چۆنە؟! كەچـی تـاوێدواتر خـەم

هەوزەڵی بۆ دێنام، نیگەرانی دایدەگرتم کەلەتەماشا کردنیدا شەرم دامدەگرێ. . دوای کاتژمێرێکی ڕەبەق، رێو ڕەسمی ئاهەنگەکە دەستی پێکرد. . کێك کەرت کرا، شەربەتو پاقلاوەیان بەخشیەوە. . وەختێکی خۆشمان بەسەر برد ئەگەرچی منو نزار ئاراموحەوسەڵەو نەسرەوتنمان لەبەر براببوو. . ژێربەژێر نیگاو تیلەمان ئاراستەی یەك دەکردو بەچاوەکانمان پەیامی ئەشقو خۆشەویستیمان بۆ یەك دەنارد. . نزار بەسۆزێکی ئەڤینداریەوە گلاسێ شەربەتی بەدەستەوە بوو، بەرەو لام هاتو نەختێ لێم نزیکبۆوە، لەبەرامبەرم دا هەڵوێستەیەکی کرد، ویستی بمدوێنێو قسەی لەگەڵدا بکەم، دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو. . منیش لەجێوە شلەژام، جووڵەم پێ کەوت، هەولمدا پێهەڵێنمو بچمە لای نسارو هاوڕێیانی پۆلەکەم، پێشیلێگرتمو وەکو مسی سپی نەکراو سووڕ هەڵگەڕا دەتووت رەنگی بەبەرەوە نەماوە، زەردەیەکی هەڵبزڕکاو پەڕییە سەرلێوی،چاوەکانی هەلگلۆڤیو بەدەنگێکی نیمچە پاڕانەوە وتی: (( ئـ. . گ. . ئـ. . گ. .گە گەلاێژخان بمبورە)).

لەناخەوە وروژام، شەرمێکی کوشندە دایگرتم، نەمزانی چی پێ بڵێم، دەمی پرسیارم تێکردو بەنەرمەپێکەنینێکەوە وتم:( جاچی بووە؟! لەچیت ببوورم؟!)).

تەریق بۆوە، بریسکەیەك لەچاوانی هەڵسا، بەکزیەکەوە سەیری کردمو چاوی پڕ گلەیی تێبڕیمو بەپچڕپچڕیەکەوە: (( هـ. . هـ. . ها. .ها لەبەر ئەوەی ڕۆ. . رۆژانێ ڕوو بەڕووی یەکدی بووبینەوە)).

لەئاستی خۆم وشك بووم ، سەرم بەملدا شۆڕکردەوە، پاش بێدەنگی تاوێك، بەدەم خەندەوە وتم: ((نا. . هەر بەخەیاڵت دانەیەت، وابزانە هیچ نەبووە)).

نزار بەدەم هەڵدانی پەرداخە شەربەتەکە، کەوتە شەنو کەوی بیرەوەرییەکانی، لە ناخەوە دەکولاو تامەزرۆ بوو لەسەرەداوی ئەم

باسەوە دەرگای قسەو وتوێـژم لەگـەڵا بکاتـەوە.. دەرفـەتم پـێ نـەدا، بـەوردی سـەیرێکیم کـردو قـژی سـەر لاچـاوانم لاداو بەهێمینـەوە : ((بەیارمەتیت تا لای نسار دەچم)). بەچەند شـەقاوێ خـۆم گەیانـدە نسار. . نزار وەکو پەیکەرێکی بێ گیان لـەجێوە چـەقی بـوو هەسـتی بـەدۆڕانو داڕوخـانی خـۆی دەکـرد، دوودڵو ڕاڕایی‌پـەکی خسـتبوو، نەیدەزانی بەقسەکانم کەیفسازبێ یان ئەوەتە پەشێوو دڵ ناخۆش . . ڕقو تـووڕەیی لەسـەرو سـیمای دیـار بـوو، هـەنگاوی بێـزاری هـەڵێناو بەرەو ژووری نهۆمی سەرەوەهەڵکشـا، لـەوێش بـەنێو ژوورەکـەدا دێو دەچێو لەبەر خۆیەوە ئاخو ئۆف هەڵدەکێشێ.

پێش بەکۆتا هـاتنی ئاهەنگەکـە، بەتەوسـەوە سـەیرێکی سـەعاتی سـەر ڕۆخـی پەنجەرەکـەم کـرد، فسـفۆرەکانی وەك خلۆربوونـەوەی دەنکە مۆری بچووك تیشکیان دەداوە، سەعات: شەشو نیوی ئێوارەی نیشـاندا. . بـە هێمنـی دەسـتم گەیانـدە ئـەو دیارییـە چـکۆڵەی بـەری وەخت بۆم ئامـادەکردبوو، زەردەخەنەیـەکی خـاوی وەك هەمیشـەم کەوتە سەر لێوو دیارییەکەم دایە دەستی: ((گیانەکەم نسار لەناخـەوە پیرۆزباییەکی گـەرمو گـوڕی ئـەویادەت لـێ دەکـەم، هیـوادارم هـەموو دەمو کاتو سالێکت خۆشیو بەختەوەری بێ)).

ئـەملاو ئـەولای ڕوومـەتیم مـاچ کـرد، خواحـافیزیم لەیەکەیەکـەی ئەنـدامانی ماڵـەوەیان کـردو بەهـەنگاو هەڵێنانەوەیـەکی سسـتو لەسەرخۆ ئەوێم جێ هێشتو لەدەرەوە هەنگاوە سستەکانم گورج کـرد . . بەدەم ڕۆیشتنی ڕێگاوە تاگەیشتمە ماڵ، لەدەورو بەرم بێ ئاگـاو نقومی جیهانێکی تر ببووم، خۆشـم عەنتیکـەم بـەخۆ دەهـات، جـارێ خۆشحاڵ دەبوومو بەخەیاڵ چووبوومە نێـو داسـتانی ئەشـقو ئـەڤینو چەندین قسەو بـاسو گفتوگـۆم لاڕسـکابوو، کەچـی‌جارێکی دی گشـت ئاواتەکانم وەکو ببنە بلقی سەر ئاوو بپوکێنەوە، ماتیەکی چڕو خەست بەرۆکی دەگرتم: ((خ خ خ. . خۆزگە لەئەوەڵەوە نزارم نەناسیایە)).

لەو ڕۆژەوە هەڵسو کەوتم گۆڕا، بەچاوی پڕ لەمیهرو شەرمەوە دەمڕوانیە نسارو بەبینینی دەیەهاو سەدەها پرسیارم لا دەخولْقا: ((ئاخۆ دەبێ نزاری برای پەیوەندی منو خۆی پێ وتبێ؟! دەبێ چۆن باسی منی لا بکاو چۆن ئەو پەیوەندییە بگێڕێتەوە؟! بێگومان وتوویەتی گەلاوێژ حەزی لێم کردەوەو موعجیبە پێم، زۆر تەماشام دەکا، خۆشمی دەوێو منیش خۆشم دەوێ، تۆ بڵێی نزا ربەم چەشنە بیربکاتەوەو هەر بەم چەشنە قسەکانی لابدرکێنێ؟! نازانم بڵێم چی؟! ئەوەی دەیلێم زێدەڕۆییە. . واچاکە ئارام بگرمو چاوەڕوانی دەمی نساربم شتێك بدرکێنێ)).

*   *   *

ئەو ئێوارەیە کاتژمێر یانزەی شەو،هەور بەری ئاسمانی گرتبوو، مانگ بەدەرەوە نەبوو،نەتاقە ئەستێرەیەك، تاریکێك بوو، چاو چاوی نەدەدی. . نسار خۆی لەسەر جێگەکەیدا قانگڵە دابوو، چاوی بەسەر لاپەڕەکانی بابەتی کتێبی فیزیا شۆڕکردبۆوە، نزار دەتوت لەشی لەئاونگ کوتراوە، لەڕۆژی ئاهەنگەکەوە شێت و شبر بوو بوو،نەیدەوانی چی بکات!؟ چۆن ئەوەی لەدڵی دایە لای نساری خوشکی بیدرکێنێ؟! بەئاسپایی دەرگای ژووری خەوتنی نساردەخاتە سەر گازەرەی پشت ، ڕەنگو ڕووی پەست ونیگەران وەکو تازە لەنەخۆشیەکی سەختو دژوار هەستابێتەوە، هەردوو چاوی لەڕوویەکی ئارەقاوی زەرد داگەڕاو بەقووڵا ڕۆچوو بوو، بەبزەیەکەوە دەنگی دا: ((هانسار. . ئەوە خەریکی چیت؟! دەرس دەخوێنی؟!))

نسار لەبەر خۆیەوە دەکەوێتە بۆڵە بۆڵ، سەری کاسی هەڵدەبڕێ، تەڕ دەست وەلامی دەداتەوە: (( بۆ چاوت نابینێو نامبینی وا دەرس

دەکەم ، فەرمووو بزانم چیت دەویَ وئیشی چیت هەیە؟!)).

نزار بەم وەلاَمە دەشلّەژیَ، دەیەویَ شتیَك بلّیَ، تفی خۆی قووت دەداتەوەو بەترس‌و خۆشحالّی‌و بەدەنگیَکی هیَمن وپڕ لەماندوێتی، زەردەخەنەیەکی تالّی بۆ دەکا: (هـ. . هـ. ه . . هـ. . ه.ــ هەر حەزم کرد بیَمە لات. . جائەو تووڕە بوونەی دەویَ ئابەو ڕەقییە وەلاَمم بدەیتەوە؟!)).

نزار بەهیَواشی دەرگاکە دادەخات‌و بەچەند شەقاریَکی کورت، لیَی نزیك دەبیَتەوە، دەم‌و چاوی یەك پارچە شادی لیَ دەباری، لەسەرسووچیَکی قەلّەویَرەکەهەلّدەقنجیَ وبەسەرسوورمانەوە لەروخساری نسار ڕادەمیَنیَ. . نسار هەست بەنهیَنیەك لەوهاتنە کت‌و پڕو درەنگەی نزار دەکاو چاویَکی پڕ واتاداری لیَ دادەگریَ‌و تۆقەپەمبەکەی لەقژە تۆپەلّ کراوی پشتی سەری دەکاتەوە، بەسووکەپیَکەنینیَکەوە، دەمی دەکاتەوە: (( دەی برام بلّیَ بزانم چیت گەرەکە؟! بلّیَ بزانم چیت لەدلّدایە؟! خوانە خواستە شەڕت لەگەلّ کەس نەکردووە یان لەهاوڕیَکانت تووڕە بوویتی؟!)).

نزار بەئارامی سەری هەلّدەبڕیَ، مات‌و مەلوول بەنابەدلّیەکەوە: (( نا. . نا. . نەشەڕم کردووە ، نەلەهاوڕیَکانم تووڕە بوومە. . ئەوەی درکم پیَکردبیَ، لەشم داگیرساوە،سەرم دیَشیَ‌و لەپالّەوەترسیَك دلّی پڕواندوم)).

نسار سەری بەسەر میَزەکەی بەردەمی لارکردبۆوە، وەك وەلاَمی دلّە خورتیَکەی بداتەوە، سەری هەلّبڕی‌و بەنەسازییەوە : (( ئەی کەوایە چی بووە؟! چی قەوماوە ؟! مەبەستم ترست لەچییەو ئەو شتە چییە هەراسانی کردووی؟!)).

نزار بەدووچاوی پڕ لەشەرمی شەهوەت ئامیَزەوە تیَرا دەمیَنیَ: ((ئەریَ نسار پیَت نەووتم گەلاویَژ لەگەلّت چۆنە؟!)).

نسار هەلّدەچیَ‌و پەست‌و تووڕە، سەرنجیَکی قوولّی ئاڕاستە دەکا

((گەلاوێژ زۆر باشەو ئەوەی عەیبە نیەتی. . بۆچی ئەو پرسیارەم لـێ دەکەی؟!)).

نزار بەدەم کۆخەیەکی ووشکەوە دەنگی شەرمی لێ دەتکاو ڕووی هێمنیو ئاسودەگی دەنواند: (( هەروا . . هـەروا بـەس بـزانم کیـژێکی چۆنە؟! خەڵکی کوێیەو لەکەیەوە دەیناسی؟!.)).

نسار تاوێ متەق لـەخۆی دەبـڕێ، کەبزەیـەکی بـزر دەنێتـە سـەر لێو، دەداتە قاقـای پێکـەنین: (( یەکـەم کـەس لـەم شـارە ناسـیبێتم، ئەوکچە بووە. . گەلاوێژ یەکەم برادەری قوتابخانەمە. . بـاوەڕ دەکـەم لەهــەولێریش ئــاوا هــاروێی ڕێــكو پێــكو دڵپــاکم نــەبووە. . . زۆر تێگەیشـتووە، بـێ دەنـگ، بەحـەیا، بەئەخلاق،ئەوەنـدە هەیـە بـاوکی نەماوە، لەماڵەوە دەست کورتو هەژارن. منیش بۆیە حەز بەڕەفاقەتی دەکەم بێ پەرواو بەسەر بەرزی باس لەژیانی خۆی دەکا، ڕەنگە ئێمـە لەجێی ئـەوان بووینایـە هـەرگیز نەماندەتوانی بەرگـەی کولەمـەرگیو مەرگەساتەکانی ئەو ڕۆژگارە بگرین)).

نزار ڕەنگێك دێنێ ودەبا، لەورتە ورتێك بـەولاوە هـیچ نـاڵێو نسـار سەرشـانی خـۆی ڕادەوشـێنێو سـیما خەمناکەکـەی هـیچ ناگەیـەنێ، بەحەسـەڵەوە دووبـارە دەسـتی پێکـردەوە: (( توخـوا نـزار گیـان پێمبڵێ بۆچی وا گرینگی بەوکچـە دەدەی؟! ئـەوە قـەت تـۆنی بـەم شـێوەیە پرسـیار لەکچـێك بکـەیو بەپەرۆشـیەوەبی)). نـزار دەسـتی ڕاسـتەی هەڵـدەبڕێ بەونیەتـەی ئـەوەی لـەدڵی دایـە، بـەجارێ بـۆی هەڵڕێــژێ، وەلــێ دەســتی دادەگــرێو ڕووی خــۆی وەردەگێــڕێ، تەماشایەکی بەپەلەی ژوورەکە دەدا، دووبارە ڕووی بەلادا دەسوڕێنێو لەسەری دەڕوا: (( نسار گەر باوەڕم پـێ دەکەی مـن دەمـەوێ لەگـەڵت ڕاسـتگۆبم. . خۆبینیـت زۆر جـوانو ناسـك بـوو. . هـیچ زەلامێـك نـەی دەتوانی خۆی لەجادووی چاوەکانی ڕزگارکـات. . هەنـدێ شـت هەیـە حەز دەکەم لەبەینی خۆمان دەرنەچیو لای کەس باسـی نەکـەیت . .

قسەکەشم ئەوەیە ئێمە لەوەتەی‌مالّمان هاتۆتە کەرکوكو لەگەلّ دەستپێکردنی دەوامی قوتابخانە، ڕۆژانە بەوکۆلانەی پێیدا دەڕۆم بەردەوام ئەو گەلاوێژە دەبینم . . بەتێپەڕ بوونی کات، چووە بەر دلّم بەڕاستی خۆشمویستو حەزم دەکرد ڕۆژێ دابێ قسەی لەگەلّدا بکەم، بزانم ناوی چییە؟! خەلّکی کوێیەو پۆلی چەندە؟! کەچی‌بوار نەڕەخسا تائەو ڕۆژەی هاتە مالّمان. . کاتێك دەرگاکەم، لێی کردەوە، بەبینینی چاو ئەبلّەق، دەمم بەش بۆوە، شاگەشکە بووم، وامدەزانی ئەوکچە دیارییەکەو لەئاسمانەوە بۆم دابەزیوە. . ئەفسووس قەت بەخەیالّم دا نەدەهات گەلاوێژ برادەری تۆبیّو لەقوتابخانەیەکدا لەیەك پۆلو لەسەر یەك ڕەحلەبەیەکەوەبن. . جائەو گەلاوێژەی دەمێکە عەودالّیم وخۆشمدەویّ، بە هاتنی بۆمالّمان، ئۆقرەو ئارامیم لەبەر بڕاوە. . نازانم چیبکەم؟!)).

نسار لەژێر لێوەوە دەبلّمێنیّو کەزمانی دێنێتە گۆ: (( نزار بیرت لەخۆ کردۆتەوە؟! مەبەستم ئەوەیە گەلاوێژ هەمان ئەوهەستەی هەیە وەکو تۆ ئەو هەستەت بەرامبەری هەیەو خۆشت دەویّ؟!)).

نزار ئاهێکی قوولّی پڕ بەسیەکانی هەلّدەمژیّ: (( نازانم بلّێم چی؟! گەلاوێژ کە چاوە بەمەغزاکانی هەلّدەبڕیّ، من دەچمە دونیایەکی ترەوە، هەرکاتێك ڕوو بەڕووی یەك دەبینەوە، وای دەخوێنمەوە پێکەوە بەبیّ دەنگی قسە دەکەین، من لەدوورو ئەولەدوور بەچاو لەیەکدی دەگەین بەتایبەت کەشەپۆلی نیگاکانمان ئاڕاستەی یەکتر دەکەین، دەزانم خۆشیم دەویّو ئەو خۆشەویستیە پاكو بێگەردەو درۆنییە. . چیت پیّ بلّێم: ئەوکچە جوانیو خۆشیو بواژنەوەی ژیانێك بەمن دەبەخشیّ، تائێستا کەس ئەو خۆشیەی بەمن نەبەخشیوە، بۆیە قەبولّ ناکەمو بۆکەس نییە ئەو خۆشەویستیەم لیّ بسەنیّو لێمی زەوتکا، چونکە من گیرۆدەی داوی عەشقێك بوومە، بەوازهێنان لێی، شێت دەبمو دەبمە دێوانە. . تکات لیّ دەکەم دەبیّ تۆ لەم هەولّەدا

یارمەتی دەرمبی، دەبێ بەوکچە بڵێی. . ئا. . بەڵێ. . بەڵێ دەبێ بەیانی پێی بڵێی ، من لەمە زیاتر ناتوانم چاوەڕوانبم، تێگەیشتی؟!)).

نسار بەدڵسۆزییەوە پێی دەڵێ: (ئاخر تۆ بیرت لە . . . ). نزار قسەکەی لەدەم دەقۆزێتەوە: (( ئێستا چیت پێ دەڵێم هەر ئەوەیە ،نەزیاد، نەکەم لە بابەتەکە ناگۆڕێ،خۆ ئەگەر دەڵێی پێم ناکرێ، ڕەنگە ئەو هەلەم بۆ نەڕەخسێ . .ئەوە کێشەیەك نییە، بەڵام دەبێ بەڵێنم بدەیتێ هەر لەو هەفتەیەدا ئەومەسەلەیەم بۆیەکلابکەیەوە جا دەستو قامکت ببینم ونەتناسمەوە . . باشە؟!)).



نسار کەمێك دادێتەوە، بۆ دڵنەوایی ئەو، دەستی چەپەی لەنێو دەستی ڕاستەی ڕادەکوشێو سەری بادەدا: ((باشە بەسەرچاو، بابزانم چۆن دەبێ؟!)).

## -٥-

مــن‌و نســار بەیانیەکــەی وەکــو هــەر ڕۆژێکــی دی، لەقوتابخانــە بەیەکگەیشتین. . وەڵێ ئەوەی لەسەروسیمای ئەوەمدا بـەدیکرد، جیـا لەهەر ڕۆژێکی تر لەوە دەچوو نهێنیەکی زۆری لـەناخا هەڵگرتبێ،ئـەو نهێنیە چییە؟! کەی ئاشکرای دەکا؟! ناچار مام چاوەڕوانی کلیلـی دەمیبم دەرگای ئەو نهێنیەم لێکاتەوە.

وانـەی یەکـەم تـەواو بـوو، زەنگـی چـوونە دەرەوە لێیـدا. . نسـار دەستی نایە سەرشانم‌و بەبزەیەکی ساز گـارەوە وتـی: ((حـەز دەکـەم هێندێ قسەو شتی تایبەتت لەگەڵ باس بکەم)).

بەپەشۆکاوی رووم بەلایدا وەرچەرخاند: (( شتی وەك چی ؟! بۆ، چما شتێکی واگرنگ ڕوویداوە من لێی بێ ئاگابم؟!)).

سەری بادا: ((بێگومان . . بەڵام باجارێ بچینە دەرەوە، لەوێ قسەت بۆ دەکەم)).

دوودڵی کرمێی کردم، هەستم بەهەژانێکی دەروونی تەواو کرد، ترپە ترپی لێدانی دڵم بەرەو زیادیو لەوەوە ئەندیشەم ڕووەو جیهانێکی بەرفرە ڕۆیی: (( هەبێو نەبێ مەبەستی نسار لەم قسەکردنە، درکاندنی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان منو نزارە، لەمە بترازێ هیچی دیکە نییە)).

شەرم دایگرتم ، سرك بووم، ساتێ سەرم بەسەر سینەمدا کەوت. . ئەویش لەژێرەوە مەکربازانە سەیری دەکردمو بزەی دەهاتێ . . لە سووچێکی گۆڕەپانەکە وەستاین، نسار بەمەکرەوە ئاڕاستەی خۆی بەلادا گۆڕیمو چاوی بەمەغزای تێبڕیم: (( گەلاوێژ گیان بەڕاستی دڵخۆشبووم بەبیستنی ئەوپەیڤە ناسکانەی نزاری برام کە لەمەڕ تۆوە بۆی باس کردم،کچێکی میهرەبانو شۆخ، بڕوا بکە ئەو برایەم تابلێی دڵپاكو هەست ناسکە، بەگوێرەی ئەو قسانەی لای منی ئاشکرا کرد، بی ئەندازە تۆی خۆش دەوێو تەنها ئەوەی لەئاقاری دا بوەتە مایەی پرسیارو سەرسوڕمان، تەمو مژی هەڵوێستی تۆیە بەرامبەری، هەر لەو ڕوانگەوە منی ڕاسپاردووە ڕای تۆ بزانێ چییە؟! ئایا تۆش ئەوت خۆش دەوێ یان نا؟! ئەوە لەلایەك، کەچی لەلایەکی ترەوە گەر بە شێوەیەك لەشێوەکان دڵت لەهەمبەریدا گەردی گرتبێ ولێی ڕەنجابی ، پێم خۆشە ڕاشکاوانە پێم بڵێی تا حاڵیکەم ئەویش ئەو هەقیقەتە بزانێو نەتوانێ چیتر بێتە سەرڕێتو بەو ڕێیەدا بڕوا کەتۆی پێدا دەڕۆی)).

بەشپرزەیەکی تێکەڵ بەزەلیلیو وەڕەسوغەمگینانە، وەڵامیم دایەوە: (( نا. . نا. . نسار گیان قەت ڕۆژێ لەڕۆژان ئەوەی خوارو خێچیو ناڕێکیە لەڕەوشتو جووڵانەوەو هەڵسوکەوتی ئەو برایەتم نەدیوە، بەڵام. . .)).

خۆی بۆنەگیرا، قسەکەی لەدەم قۆستمەوە: (( بەڵام چی ؟! پێم

باشە ئەوەت پێ بڵێم: ئەو برایەم هەرگیز ناڕوانێتە کەسێك جل‌و بەرگی بەنرخی پۆشیبێ یا لەبەر جوانی یا ئەوەی خۆشی دەوێ ئیللا بەچەشنی خۆمان خانەدان‌و دەوڵەمەندبێ. نەخێر بەپێچەوانەوە،حەز بەمرۆڤی سادەو ئاسایی‌و دڵو دروونێکی وەك تۆ دەکا)).

بەم قسانە سرِی کردم، بەدوای دەروازەی هەڵهاتنێك دەگەرِام، بە دەم هەناسەیەکی قووڵەوە سەرم هەڵبرِی، فرمێسك بەچاوە زیتەکانمدا فوارەی بەست، ویستم پرِ بەدەمم هاوارکەم، دەنگ هەڵبرِم، ئەوەی لەناخمدا پەنگی خواردۆتەوە، بێ پەروا دەری ببرِم. . بەقورِگی نووساوی پرِ لەهەنسکەوە، چاوم دایێ: ( نسارگیان بمبورە ناتوانم لێتی بشارمەوە ،ئەمە هەقیقەتە من نزاری براتم خۆش دەوێ‌و هەر لەو وەختەی ناسیومە، بەجارێ هەست‌و بیرو هۆشی ئالۆز کردووم، چێژی خۆشەویستی سەراپای ژیانی گۆرِیوم. . زۆرم کردو کۆشا، زۆرم هەولّدا گرنگی بەقوتابخانەو خوێندنەکەم بدەم‌و بەهەر کلۆجێ بێت ئەو لەیادکەم‌و لەهزرو زەینم دا بیسرِمەوە،کەچی نەمتوانی)).

*  *  *

نسار دەچێتەوە ماڵ. . ئەوەی لەدەمی منی دەبیستێ، هەمووی بۆ نزار دەگێرِێتەوە . .نزار شاگەشکە دەبێ وپلانی رِێ خۆشکردن لەبەردەم ژیان‌و گۆرِانێکی تازە دادەنێ کە بەهۆی ئەوەوە پەردەی نێوانمان لابباو لەسەرەداوی ئەو خۆشەویستیە، درێژ بەپەیوەندییەکانمان بدەین.

خوێندنی ئەو ساڵە کۆتایی هات. . سێ مانگی هاوین بەسەرچوو، هەمدیسا دەرگای قوتابخانە کرایەوە،هەموو ئەو ماوانە سەرمەست، ئاگام لە دەوروبەرم نەمابوو. . یەکتر بینین‌و گفتوگۆو گۆرِینەوەی نامەکانمان، پەیوەندی نێوانمانی توندو تۆڵ کردبوو. .خۆشەویستی هەر یەکەمان بۆ ئەوی دی رِۆژ بەرِۆژ زیادی دەکرد، چونکە

هەردووكمان پۆلی شەشەمی ئامادەیی بووین، بەڵێنماندا تاچارەنووسی خوێندنی ئەو ساڵەمان لەبەردەم داهاتوو باشبێ، زیاتر گرنگی بەخوێندن بدەین. . لەوماویە ڕۆژێكیان تازە گزنگی خۆرەتاوی بەیان باڵی بەسەر شار كێشابوو، بەیانییەكی جیاواز ،بەدرێژایی بڕینی ئەو ڕێگەیەی لێیەوە دەچوومە قوتابخانە، نزارم نەبینی.. خۆم لەگوورە نەبرد، دڵی خۆم بەوە دەداوە: (( ڕەنگە ئەو بەیانییە هێشتا لەخەو هەڵنەستابێ یا تازە بەخەبەر هاتووەو هێشتا نانی نەخواردووەو نەخۆی گۆڕیوە بێتە قوتابخانە)).

كەگەیشتمە قوتابخانەو چوومە پۆلەكەم، بینیم نساریش دیارنییە، دڵم داخورپا، ترسێكی دڵپڕوێن ناخیهەژاندم: (( ئاااا ی خۆ ئەویش نەهاتووە. .خوایە گیان هەربەخێری بگێڕی، دەبێ هیچ ڕووینەدابێ؟!)) سەراپای ئەو ڕۆژەم بەڕاراییی وبێ ئۆقرەیی بردە سەر. . لەدووەم ڕۆژدا بەپای خەمەوە كۆڵانەكەم بڕی،بەهەستو نەستەوە نیگام گرتە ئەملاو ئەولای خۆ، دیسان نزارم نەبینیەوەو نساریش نەهاتبووە قوتابخانە. .كەوتمە پشی خواردنەوەو ختوورەی هەزارو یەك شتم لەدەروون ڕسكا : (( بچمە ماڵیان؟! نەچم. . نا، بۆ من جوان نییە بچمە ماڵیان .. نا. . ناچمە ماڵیان، واچاكە پرسیار لەوقوتابیەی نزیك ماڵیان بكەم)).

بەتەوسەوە خۆم گەیاندێو پرسیاری نەهاتنی نسارم ئاڕاستە كرد. . قوتابییەكەبە بزەیەكی سازگارەوە وتی: (( ڕاستی ، لەهۆی نەهاتنی بێئاگام، بەڵام ئەوەندە دەزانم ئەوەیەك دوو ڕۆژە میوانێكی زۆریان هاتووە. . خوایاربێ لەچوونەوەم بۆ ماڵ، لە ڕێی خۆمدا پرسیاری ئەوت بۆ دەكەم)).

بەنەهاتنی لەسێیەم ڕۆژەدا ،پەستیو نیگەرانی هێندە بێ تاقەتی كردم، بەجارێ ورووژام، بیرو هۆشم جەم بوو، بەهەناسەیەكی ساردەوە خۆم دەخیلی هەمان كچەكەی دوێنێ كردو بەتاسەوە گوێم بۆی ڕادێرا هەواڵێكی دڵخۆشكەرم پێ ببەخشێ، كەچی ئەوهەر

نەیهێناو نەیبرد زمانی گەڕاند: ( ببووره . . دوێنێ هێشتا جلەکانی بەرم دانەکەندبوو، سەرپێیی چوومە ماڵیان وپرسیاری دیار نەبوونیم لێیکردن، هەڵبەتە کێشەیان لەگەڵ خزمێکیان هەیەو نسار خۆی دووڕۆژە بەسەفەر چووەتە سلێمانی)).

بەم هەواڵە دڵم دانەکەوتو دڵم ئاوی نەخواردەوە. . خەمو پەژارە وەك تەمێکی چڕو خەست گەمارۆی دابووم، بڕیارمدا پاش تەواو بوونی دەوام، سەردانی ماڵەوەیان بکەم، کەچی نسار لەزەنگی چوونە دەرەوەی وانەی دووەمدا پەیا بوو. . بەبینینی ئۆخژنو نەختێ هێور بوومەوە. . لەتێڕامانم بۆی، ماتو مەلوولیەکی زۆری لێ بەدی دەکرا، یەکسەر تێگەیشتم ئەوکێشەیەی بۆیان دروست بووە، کێشەیەکی گەورەو قووڵە کەڵکی دەست لێ دانی نییە. . بەشێنەیی پرسیاری ئەو دواکەوتنەم لێی کرد : ((نسار گیان ئەوچ خێر بوو ئەو چەند ڕۆژە دیار نەیبووی؟ بەڕاستی غەریبیم دەکردی)).

هەموو وەڵامەکەی لەچەند وشەیەکدا کۆکردەوە: ((میوانمان هەبوو. . نەخۆش بووم، بۆم نەکرا بێمو هیچی تر)).

لەژێرەوە بەمۆنی لەنسار ڕامام، پێم بەجەرگی خۆمەوە نا پرسیاری پتری لەبارەوەبکەم، وەلێ قورگم گیرا، دەتووت تەلاشەدارێ بەری گەرووی گرتووم. . هەفتەیەکی ڕەبەق دوروو نزیك هیچ باسو خواسێکی نزارم نەبیست،دوای ئەوهەفتەیە دووبارە نسار بزر بۆوە. . ناڕەحەتیەکی قێزەونم بووە میوان، بەبێزارییەوە هانام بردەوە بەرهەمان قوتابیەکەیجاری پێشوو. . ئەو سەرەتای چەند قسەیەکی هەلەقو بەلەقی بەتوانجەوە تێگرتم ، زۆر بەوقسانەی دڵگران بووم، بەنیمچە تووڕەییەکەوە پرسیم : ((باشە تۆ بۆ ئەم قسانە دەکەی؟! سوودی تۆ لەمەدا چییە؟!)).

خێسەیەکی لێ کردم: ((کچی باش خۆت لەگێلی مەدە. . بۆ ناکە نسار قسەی بۆ نەکردبی؟! لەبێ خەبەران کەشکەك سەلاوات، چما پێی نەگوتووی لەوماوانە براکەی ژن دێنێ؟!)) گرژیمەوە، لەجێوە سڕ

بووم، دەتگۆ لەبانێکی بـەرز بەردراومەتـەوە، لەدڵـەوە بـەخۆم وت :
((ژن ؟! ژنهێنان؟! ژنهێنانی چیییی؟! لـەنزار بـترازێ کێـی تریـان ماوە ژن بێنـێ؟!))
چەند وشـەیەکی پـەنگخواردووی سـەر زمـانم لەمـەزیاتر بـۆ ڕکێـف نەکرا، لەدەمم دەرچوو : ((جا لەنزاری برای بترازێ، ژن بـۆ کـێ دێـنن کەئەو ئێستا قوتابییە؟!)).
بەلالووتێکەوە هەڵیدایێ: (( ئەدی من چی دەڵێم؟! ئەوبرایەی نسار سێ ساڵە لەهـەولێر بەدەسـتگیرانەو تـاکو ئێسـتاش دەسـتیگرانەکەی لەهەولێرە. نووکەماڵی کچە دەڵێن هیچی دیکە کچی خۆمان ڕاناگرین، دەبێ بیگوازنەوە، جا نازانم ئەنجامەکەی بەکوێ دەگا؟! بەڵام وەکـو لێرەو لەوێم زانیوە، ئـەو کوڕەیـان چـونکە پـۆلی شەشـە، چـاوەڕوانی دەکەن تا ئەو چەند مانگەی ماوە خوێندنەکەی تەواو کات، ئەوجا بۆی دەگوازنەوە)).
ئـەم قسـانە دەتـووت تیرێکـی ژەهراوییـەو جـەرگم دەسمـێ،خۆم شێلو نەکرد، بزەیەکی دەسـتکردم نایـە سـەر لێـو: (( ڕاسـتەکەی،وایە نساریش هێندێ سەرو گوێلاکی ئەو مەسەلەی لاشکاندووم)).
ڕووم وەرگێڕا، پتت لێدابام دەتەقیم: (( ئـای خوایـە گیـان، دەبـێ ئەمڕۆ ڕۆژ لەکام لاوە هەڵاتبێ؟! ئەمە چییە گوێبیستی دەبم؟!)).
بەقوڕگی تاڵو دڵی پڕ لەڕق و کینە، ملی ڕێم بەرەوماڵ گرتە بـەر، بەدەم پەژارەو چاوی پڕ ئەشکەوە ڕێگەی گەڕانەوەم ئەوەندە لا دوور بوو، وامدەزانی قەت ئەو ڕێییە تەواو نابێ. . کاتێك پێم نایـە حەشـە ،دایکـم ونیگـاری خوشـکم لەبـەر سـێبەری دارچـنارەکە داینشـتبوون، بەبینینی من هەڵسانە سەرپێ و چـاو ئەبڵـەق بـوون. . دایکـم لـەجێوە دەنگی هەڵبڕی: (( کچم ئەوە بۆوا زوو هاتیەوە؟! چـیت لێقـەوماوە؟! هیچ بووە؟! خۆ نەخۆش نی؟!)).
لەگەڵ هەڵچوونی خەمەکانم،چاوم تێبڕیو بەتووڕەییـەوە : (( توخـوا گەر وازم لێ نەیەنن. . نەخۆشم ،هەموو ئازای بەدەنم ژان دەکا)).

نیگاردرکی بەوە کرد، ئەو ڕەفتارەی مـن ئاسـایی نییـە و بـێ شـك شــتێکم لــێ قــەوماوە . . دوای تــاوێ بەئەســپایی هاتــە ژوورەوە، لەتەنیشــتم هــەڵقونجاو بــە هێواشــی دەســتی خســتە سەرشــانم: (( گەلەکە،ئـەوە کوێـت ژان دەکـا؟! سـەرت دێشـێ؟! کوێـت دێشـێ؟! حەبت بۆ بێنم ؟!)).

خۆم تێکنەدا، نەختێ دوور کەوتمەوە. . هەمدیسا خۆی گەیانـدمێ ، بە نیمچە حەپەساوییەکەوە لێی مـڕ بوومـەوە: (( کچـێ بـۆ یەخـەم بەرنادەی؟!)).

کەوتی: (( هەی شێتە .. ئەی من خوشکت نیم؟! دەی جلـەکانی بەرت داکەنە ئەوگریانو فرمێسك ڕشـتنەت لەچـییە؟! نـەختێ هێـور بەوە، هەی لەمنت نەکەوێ، بێ غیرت)).

جلەکانی بـەرم داکەنـد، تـاتێنو وەزم دەبەدەنـدا بـوو، کتێبـەکانی سەرمێزەکەم تێهەڵدا، چەند لاپەڕەیەکم لەکتێبەکان پەڕ پەڕ کردو دوو دەفتەریشم دڕاند . .نیگار داهاتەوە،توند هەردوو قۆڵی گـرتم: (( هـەی هیچو پووچ .. پێم نالێی خێـو دەسـتی لێوەشـاندووی یـان هـەر خـۆت شێتی؟!)).

ناوچەوانم ئاگری لێ دەبارێ، دەستی هەڕەشەم لێ شەقاند: ((مـن هیچو پووچ نـیم، چـبکەم گەمـژەو گێـل بـووم، ڕۆژی خـۆی نەچـوومە بنبجو بنەوانیو دەستی خۆم بـۆن نـەکردبوو تـابزانم وام لـێ بەسـەر دێ)).

نیگـار ڕەنــگو ڕوومــی خوێنــدەوەو بەقســەی هێخســتم : (( دەی خوشکە ئازیزەکەم دەی. . دەبڵـێ بـزانم چـی بـووە؟! چ ڕوویـداوە؟! نزار ئەوماکەرە چ ناماقولێیەکی دەرهەق کردووی ؟!)).

بەتووڕییەکی لەڕادەبەدەر، کەلە گەڵیدا هەموو لەشم کەوتە لەرزین : ((نزار ئەو فریشتەی باوەڕم پێی بوو، سەرەنجام ژن دێنـێ. . ئـاااای پەشیمانم قسەکانی تۆم بەهەند هەڵنەگرتو بەقسەم نەکردی)).

بەدەم قوڵپی گریانەوە خۆم فڕێدایە سـەر دۆشـەکەکەو بەڕکـەوە

دەستم لە سەرشەفەکە گیر کرد. . . نیگار بەحەپەساوی وەستابوو، بەدەنگێکی کرخنەوە وتی: ((چۆن وایە؟!)).

بەپەنجەی ئەسپێ کوژە، فرمێسکە قەتیس ماوەکانی چاوم سڕییەوەو هەڵمدایێ: (( ئەو ئەفەندەییە، دەستگیرانی هەیە. . دەستگیرانەکەی ماڵیان لە هەولێرەو بەتەمایە بیگوازێتەوە. . ئاااای کابرایەکی هیچو پووچو درۆزنو قۆڵبڕ دەرچوو،زۆر درۆی لەگەڵما کرد. . خۆ من زوو بەم کەین وبەینەم بزانیایە، لەیەکەم ڕۆژەوە دەستم لەدەستی دەکردەوەو ڕەفزێکی باشم دەدایێ)).


نیگار وەکو هێشتا ئومێدو متمانەم لابێڵێتەوە، بەنەرمو نیانیەوە وتی: (( کچێ گەلەگیان، کێ دەڵێ ئەم قسە وایە؟! کێ دەڵێ تۆی سادەو ساویلکە بەهەڵە شتەکانت وەرنەگرتووە؟!)).

بەوپەڕی باوەڕ بوون بەخۆ، وتم: (( هەڵەی چیو تەڕەماشی چی؟! گشت خەڵك زانیویەو من دوابینیانم. . ئەو چاو مۆنی چاوحیزە، دوو هەفتە زیاترە لەڕێی قوتابخانە نایبینم. . لەفیتی خۆی دەگاو لە بەرامبەرم دا خۆی بەچاو شۆڕو شەرمەزار دەزانێ. . بەڵام ئەو قەیناکە ، باشە بۆ نسار رۆژێ لەرۆژان ئەومەسەلەی لا باس نەکردم بڵێ: خوشکم لێتی ناشارمەوە حارو مەسەلەیەکی ئاوا هەیە؟!)).

نیگار هەر هاتە سەر زمانی: (( جانساری بەستەزمان بلێی؟!)) لەدەمیم خواردەوە: (( ئەوە دەڵێی چی؟! چۆن بڵێ چی ؟! ئەی خوشکی نییە؟! ئەمانە بەعائیلە درۆزنو قۆڵبڕن، هی ئەوە نین باوەڕیان پێ بکرێ، دەنە ئەگەر کچێکی شەریفو راست گۆ بوایە ،بۆ جارێ لەجاران ئەوەی پێ نەدەوتم؟!)).

نیگار نەختێ گەردەنە سپیەکەی هەڵکڕاند، چەند کەرەتێ دەستی بەسەر لووتی داهێنا، وتی: ((خوشکم گەلەکە .. ئێستا وەختی ئەم شتانە نییەو پێویست بەو ناڕەحەتیە ناکا.. تۆ نابێ بەتەواوی بچیتە بنجو بنەوانی، بزانی چی بووەو لەم ڕووەوە نزار چی دەڵێ؟! خۆ هەموو شتێ وابەئاسانی تەواو نابێ)).

لێوم توند بەددانەکانم کرۆشت، کەسـەرم هـەڵبڕی، بەسـەربادانەوە وتم: ((قسەی تۆیە ..نا. هیچ  مشکیلە نییە، باوابێ)).



-٦-

ڕۆژی پاشـتر بـەدڵی پـڕ خـەمو جـەخارەوە لەگـەڵ خـۆدا ڕێگاکـەم بەرەو قوتابخانە پێچاوە، داخێکی بێ شومار گیانی گرتبـووم، لـەناکاو نــزارم لــێ دەرکــەوت، بەشــەرمەزاری دەنگێکــی پــڕ لەکڕوزانــەوە: ((بەیانیت باش گەلاوێژخان)).

بەواقی وڕماوەوە لەجێی خۆم چەقیم، چاوێکی خەفـەتاوی لـێڵم دایێ، ویستم بەسەریا هەڵشاخێم وتێر جنێوی بکەم، هەر چەند رقێکی کتو پڕ دایگرتم، ڕووم سوور هەڵگـەڕا، بـەڵام کـە ڕووە پـڕ ئازارەکـەی ئەوم دی، دڵم نەرم بۆوە، ڕقەکەم خێرا تەنییەوە، هەستم کرد تەزووی ساردی تاسـەر ئێسـکانم کـاری کـرد، ورتـەم لەدەمـەوە دەرنـەهاتو

درێـژەم بـەوڕێرەوەدا. . نـزار، تاسـابوو، ویسـتی دەسـت هـەڵبڕێو قسـەیەك بكـا، وشـە لەگەڕووی‌ـدا چـەقی بـوو. . كاتـێ گەیشـتمە قوتابخانـە، ئـەو ڕۆژەم بەدڵتـەنگی‌و دووره پـەرێزی وەك مانگرتنـێ لەقسـەكردن بـەڕێ كـرد، نسـار حەوسـەڵەی لەبـەر بڕابـوو، بـەدەم پاڕانەوە، ڕێی پێگرتم: ((تكا دەكەم گوێم لێ بگرە باباسـی كێشـەكەت بۆ بكەم)).

بـەبێ تاقەتییـەوە چـاوم هـەڵبڕی، لەناوچـەوانی ڕامـام: (( دوای ئەوەی كار لەكار ترازا؟! تازە دوای چی؟! گەر باسی بكەی یان نـا، نازانم باسی چیم بۆ دەكەی، ، لە. . .))..

داچـڵەكی، تونـد دەسـتی نایـە سەرلێوانموقسـەكەی لـەدەم قۆستمەوە: ((من لەهەندێ شت هەق بەتۆ دەدەم،بەڵام هەنـدێ شت هەیە پێویستە بیزانی. . جارێ گوێم لێ بگرە، بزانە چی دەڵێم؟!)).

زەردەخەنەیەك، لێوە باریكەكانمی كشان، بەهەڵپەیەكەوە: ((چی‌ی دەڵێـی؟! ئەوەنـدەی بیـزانم نـزاری بـرات بەدەسـتگیرانەو دەستگیرانەكەی لەهەولێرە، دوای تەواو بوونی خوێندن دەیگوازێتەوە. . ئیدی لەوە بترازێ، شتی تازە چی هەیە؟!)).


نسـار ڕەنگـی دەمو چـاوی تێكچـوو، بەشـپرزەییەوەهەڵیدایێ: (( گەلاوێژ گیان پێویستە لەڕاستیەكان بگەی. . ئەوقسانەی بۆتی دەكەم قسەی خۆمن، هەڵبەتە نزار بۆ ئەوكێشەی ئێستا لەژێری‌دا دەناڵێنێ، هەرگیز ئەوكچەی خۆش نەویستووەو بە خەیاڵی‌دا نـەهاتووە خۆشـی بوێ. . باوكم خوشكێكی قەیرەی هەبوو، لەماڵـەوە لەگـەڵمان دەژیـا، تەمەنی لە٣٥ ساڵ بەسـەرەوە بـوو . . لەبـەر گـەورەیی تەمەنەكـەی، هەمووكەس نەدەهاتـە خـوازبێنی تـا نسـیبی هەڵسـا، ماڵێـك لەهـەولێر هاتنە داخوازی،باوكم ڕازیبوونی خۆی بۆ ئەوخزمایەتییە نیشـاندا، ڕای مامیشم ئەوەبوو نابێ ئەو خوشـكەیان بەبـەلاش بدەنـە شـووو دەبـێ لەنۆژەدا بنپشكێك وەرگرن، لەم نێوەندە چونكە مامم كوڕی گەورەی نەبوو، ئێمەش تەنها نزارمـان بـێ ژنو مـاڵ بـوو، زۆریـان هەوڵـدا نـزار

ڕازیبێ کەئێستاوئەو کاتیش ئەو برا بەستەزمانەم هەردەیوت: (( من ژن ناهێنم وکچێکم ناوێ نەیناسم‌و نەزانم چۆنەو چۆن نییە)).
کێشەکە لێرەدایە بێ پرسی‌نزار، ردێن سپییەکان کۆ دەبنەوەو بە وەکالەتی ئەو،کچە مارە دەکەن، ئێستا ئەو خوشکەی باوکم خاوەنی دوو مندالەو کەس‌و کاری کچەش دەلێن: (( ئێمە چیتر کچی مارەبڕ ڕاناگرین،دەبێ نزار بەزوویی دەسگیرانی خۆی بگوازێتەوە) هەرایەکەیان لەبەر ئەوەیە دەترسن نەوەکو ئەو برایەم دووڕۆژی دی چووە کولیە، پێی ڕازی نەبێ چونکە کچی وان نەخوێندەوارەو کابانی مالەوەیە. .هەر لەودووهەفتەی ڕابردوو چەند جار دانیشتنی بەکۆمەلیان کردووە، هەڕەشە دەکەن گەر ئێمە بەکچیان ڕازی نەبین،ئەوە ئەوانیش ناچار دەبن خوشکی باوکم تەلاقدەن، جافەرموو خۆت حوکمدە،بزانە گوناهی نزار لەم مەسەلەیە چییەو چ تاوانێکی هەیە بێ پرس کچێکی لێ مارەبکرێ بێ ئەوەی دوورو نزیك حەزی پێبکاوخۆشی بوێ)).
کەمێ دلم ئەهوەن بۆوە: (( ئەی باشە بۆ ئەوبرایەت لەیەکەم ڕۆژەوە ڕاشکاوانە پێی نەووتم من بەدەسگیرانم تا من بەڕێی خۆم‌و ئەو بەڕێی خۆی بڕۆشتایە؟!)).
نسار بەوپەڕی متمانە، زمانی گەڕاند: (( ئاخر گیانەکەم، بەڕاستی نزار تۆی خۆش دەوێ. . لەناوهەموو ئەو سەرئێشەو گرفتانە پێی وتووم پێت بلێم ئەو نایەوێ تۆ لەدەستدا،هەر چەند کێشەکان قوولتر ببنەوە)).
بەتەسەوە پرسم: (( چی‌ی ی؟! من لەدەستدا؟! بۆ، چی‌بووە؟! ناکا بلێ من لەبەر خاتری تۆ واز لەودەستگیرانەم دێنم؟! ئافرەتێك تەلاقبدرێ ،ئەمە چییە، لەپێناوی منە؟!. . نا. .قەت ئەمە قابیلی قەبولکردن نییەو هەرگیز بەمە ڕازی نابم، پێشتر چۆن بەنەزانی چووەتە ناو ئەمبابەتە پڕ تەم‌و مژە، بائەواش بەنەزانی لێی دەرچێ، ئەوکات بۆخەم‌و خەفەتی منیش خوا گەورەیە بیر لەژیانێکی تازەتر

بكەمەوە)).

*    *    *

نسار یەکەیەکەی ئەوقسانەم دەگەیەنێتەنزاری برای . .نزار شێت و شپردەبێ، نەیدەزانی چیبکات؟!



واز لەمن بێنێ ئەوە بەجارێ لەناخەوە دەڕووخێ، خۆ ئەگەر ئەوکچەش بێنێ، خراپتر، ئەوسالەی خوێندویەتی، هەمووی لەدەست دەداوتا تەمەنی ماوە دوور لە سۆزی ئەشقو ئارەزووی ڕاستەقینە، ژیانی خێزانی دەباتە سەر. . منیش لە ناخەوە گرگرتوو، بەهەمان چەشنی ئەو،تووشی داوی خۆم بوو بووم، نەمدەزانی چی بکەم؟! بخوێنم یا بیر لەوبکەمەوە؟!.

باری بژێوی ماڵمان هەر وەکو جارانەو ژانو ئازاری خۆشەویستی باڵی بەسەر هەستو بیرومێشکما کێشاوە، نازانم هانا ببەمە بەرکێو بێزاریو توورەیی ناوەوەم ڕۆژ بەرۆژ پەرە دەسێنێ، تادواشت بڕیاری خۆمدا بۆ دواجار قسەی لەگەڵدا بکەمو بەیەکجاری سنوورێك بۆ ئەو پەیوەندییە دانێم کە دەمێکە لەنێوانماندایە.

## -٧-

بەیانی ڕۆژی پاشتر، بەنسارم وت: (( من ئەمڕۆ دوای دەوام لەگەڵت دێمەوەماڵ، دەمەوێ چاوم بـەنزار ی بـرات کەوێ،هەنـدێ قسـە هەیـە حەز دەکەم لەگەڵیدا یەکلای بکەمەوە )).

نسـار تەزوویـەکی خۆشـی بەلەشـی داهـات، بەخۆشـحاڵیەوە: (( بەهاتنت بەختەوەر دەبم)).

وانەی پێنجەممان خوێند، لەگەڕانەوە پـێم بەجـەرگی خۆمـەوە نـا، چوومە ماڵیان. . لەوێش لەیەك لەژورەکان چاوەڕێی هـاتنی نـزار بـووم کـەتازە لـەدەوام دەگـەڕاوە. . نـزار پێـی نایـە ژوورەوە، منـی بینـی، بەڕوویەکی خۆشەوە بەپیرمەوەهات، وەلێ ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرابوو،

بەزمانێکی شەلو شلۆقەوە بەخێرهاتنی کردم: (( بـ.. بـ. . بە. بەخـ. . بــەخێربێی ، سەرچــاوان)) دەســتێکم بەناوچــەوانمداهێناو لــەژێر لێوەوە: ((خۆشبی)).

یـەك دووجـار بەبەردەممـدا هـاتو هەڵوێسـتەیەکی کـرد، بـەوردی سەرنجی دەموچـاویدام، ویسـتم یەکسـەر بچـمە نـاوەخنی هاتنەکـەم، قسەیەك لێرەو قسـەیەك لـەوێ، نـزار بەدەنگێکیخەماوەیـەوە سـوکە کۆکەیەکی بۆکردم: ((گەلاوێژ گیان دەزانی دوێنـێ شەو بەغایلەی تۆوە بووم، هەر خەونم پێوە دەبینیت ؟!)). قسەکانی نیگای راپـێچ کـردم، بەنازێکەوە پێم ووت: ((هەی بێ وەفا. . من خۆشەویسـتیم بـەبرژانگی چاوەکانم دەپاراست، کەچی تـۆ بەدەسـتیخۆت ئـاگرت لەوخەرمانـەی ئەشق بەردا، ئیدی ئەو پەڵپو بیانووە چییە بۆمی دێنیەوە؟!)).

دەست و پەنجـە خنجیلانەکـەمی، بەناسـکی گوشـی: (( لـەدەوری چاوت گەڕێم گەلاوێژ گیان، بڕوام پێبکە ئـەم مەسـەلەیە بەدەسـت مـن نەبووە. . لـەئیرادەو ویسـتی مـن بـەدەر بـووە، هەڵەکـە لێـرە هەڵـەی گەورەکانمانەو بە میرات بۆمان ماوەتەوە. . . نازانم قوڕی کـێ بکـەم بەسەری خۆما؟! روو لەکوێ بکەموسەری کاسم بـۆ کـوێ هـەڵگرم؟! خۆشم نازانم بۆ دەرباز بوون لەم کێشەیە، ڕێگە چارەچییە؟!)).

ئەوەنـدەی بـیرم هێنـاو بـرد، نەمـدەزانی نەبـەڕەقی، نەبەنــەرمی لەگــەڵی بـدوێم، دووبـارە تێهەڵچـۆوە: (( بـڕوا بکەگیانەکـەم بەقــەد هەموودونیا خۆشم دەوێی. . چ دەکەی تەبیعـەت دەرمـانی نییـە. . من ئەو کچەم ناوێ، پەیمانیشت دەدەمێ گشت وزەی خۆم بخەمەگەڕ تا ماڵەوەمان ڕازیکـەم، هەرچـی زووە مـنو ئەوکچـە دەسـتمان لەیـەك بکەینەوە)).

لچـم لــێ هــەڵێنا، بەنەنەزاکەتــەوە: (( مــن ئــەوە چــەند ڕۆژە خەمیـــێکی ڕەش دڵم دەگوشێ. . هاااناکا بتوانی ماڵەوە ڕازیکـەی؟! چییان پێ دەڵێی؟! دەڵێی من ئەو کچەم نـاوێ، بەنەعـەلتی دەکـەم،

نایگوزامەوەو لەنۆژەندا کچێکی دیکەم خۆش دەویٰ؟! ئایا باوکت بەمەڕازی دەبیٰ؟! ئەی هەڵوێستی مامت بەچ ئاقاریٰ دەڕوا؟!نازانم گوناهی ئەو پووره بەستەزمانەت لەسەر ئەم کێشە چییە بەدوو منداڵەوە تەڵاق بدریٰ؟! تێناگەم، نازانم ئەمەچ بیرکردنەوەیەکە و تۆ چ بەشەرێکی؟!)).

وەکو تیریٰ ناخی بسمم، بەسەرکۆنەوە درێژەم پێدا: (( خەتای کەس مەگرە. . هەموو خەتای تۆیە. . ئێستا خەیاڵت خاوە بتەویٰ بەم قسە فیشاڵو هەلەقو بەلەقانە بمخەڵەتێنی. . خۆ ئەوانیش هێندە منداڵکارەنین تۆ بەئاسانی کلاویان بنێیە سەرو پێیان ڕابوێری؟! ئەمە کەی حاڵە؟! ئەوەشت لەبیرنەچیٰ تۆ قوتابیوبەودەرسەگرانەی شەشیزانستی چۆن دەتوانی نمرەیەکی باش بێنی؟!)).

نزار وشك هەڵات، پڕ بەگەرووی قیژاندی: (( کچیٰ ئەوە تۆ هاتووی دەردم تیمارکەی، خەمەکانم کەم کەیەوە؟! یا هاتووی سەرکۆنەم کەیو پێم بڵێی ئەمە هەڵەکانتە؟! من وا بۆت دەرێسم دەڵێم: هەڵەم. . ئەی باشە بۆ تۆ ناپرسی، ناڵێی ئەمە گشتی تاوانو بەزمی باوكو مامتە بۆیان داناوی. . خۆزگە وام نەدەبینی، دڵم خۆشبوو دیدەنیت خەمو ئازارەکانم سووکدەکا، بەڵام بەداخەوە)).

نەختیٰ دامام،ئەگەر خۆم نەگرتایە لەوانە بوو بمدایەتە هاڕەی گریان، لەناخەوە بەخۆم وت: (( من دەزانم قسەکانت ڕاستو دروستن، ئاخر گوناهی منیش لەمەدا چییە؟!)) دەستم گەیاندە بەر زولفی خاوم : ((نزار جوان گوێم لێبگرە، بزانە چی دەڵێم ؟! من بۆ ئەوە هاتووم پێت ڕابگەیەنم بڵێم بەسسە، بیبڕەوە،تەواو،ئیدی خەریکە تێك دەچمو لەپێستی خۆم دێمە دەریٰ چیتر بەرگەی ئەو وەزعە ناگرم، دەمەویٰ نەختیٰ بحەسێمەوە، بخوێنم. . بخوێنم بخوێنم)).

ئەگەرچی لەدەروونەوە تەواو تێکشابووم،خۆشم دەویست،وەلیٰ ناچاریش بووم سنووریٰ بۆ ئەو پەیوەندییە دانێم گەر بە زەرەرو زیانی

خۆشم تەواوبێ. .تـاوێ کـش ومـات، سـەرمان داخسـت ،هەریەکـەمان لەفکران راچووبووین، نزار بەقەهرەوە ددانی دەچیڕەوە بردن، کە درێ بەوبێدەنگیـەدا ، تـوڕو تـووڕە بەهــەر دوو دەسـتە زلەکانیپـەلاماری قۆڵیدامو توند گووشی : ((تۆبە لەوە تۆبە، فەرموو بـزانم ئێسـتا چـیت لێم دەوێ؟! بۆ وادەکەی؟! چیت لێقەوماوە؟! دنیا کاول بوو؟! تۆ ناتــەوێ واز لــەو دەســگیرانەم بێـنم؟! بەســەر سەر،بەســەر چـاو، لەبـەیانی زووتـر نییـە دەچـم تـەلاقی دەدەم، ئـیتر هـیچ قسـەیەکت ما؟!)).

ئارەقە چۆڕ چۆڕ بەتای گیانم سەرەوژێر بۆوە. . لەرزم لێ نیشـت ، پڕچـاوم ئــاو بــوو، ئــازارێکی زۆری بــەقوڵم گەیانــد، ویســتم خــۆم رابپسـکێنم،تاقەتی ئـەوم نـەبوو، بـەرپێم تاریـك داهـات. . ئاگـام لـەو دەوروبــەرە نــەما، ئــەویش نەیـدەزانی ئــەوە چ هەڵەیەکــە دەیکـا وابەدەســتی خــۆی خۆشەویســترین مــرۆڤ ئەزیــەت دەدا، فرمێســکم لەچاوان فوارەی بەست.

نزا ر ئارەقەی شەرمەزاری تکاندو دەستی لێ شل کردم، دووماچی گـەرمو گـوڕی لەسـەر ڕوومـەتم کـرد، ئێسـتاش مـژینی ئـەو دووماچـە مووچــڕکەم بەلــەش دێنــێ. . بەشــەرمەزارییەکی تێکــەڵ بــەزەلیلی ،دەنگێکــی مردەلۆکــەی لەگــەروو دەرچــوو: (( ب. . ب. . بم. . ب. بمبووره نامەقوڵیم کرد. . ئای ئەوە چیم کرد؟! زۆرت تووڕە کـردم. . بمبووره مـن ئـەو کەسـەنیم بتـوانم ئـازارت پـێ بگەیـەنم،توخوا لـێم ببووره)).

خــۆم لــەژێر دەســـتە گرانەکــەی دەرکــردو نــەختێ لێـــی دورکەوتمەوە:((نزار تـائێرە بەسـە بـەس. .تکایـە وازم لـێ بێنە،چـیتر نامـەوێ بتبیـنم، قسـەت لەگـەڵا بکـەم.. ئێمـە دوای کـڵاوی بـابردوو کەوتووین ،مەحاڵە بۆیەك ببین،کەواتە باچیدیکە دەرد نەدەینە یـەکتر، با لەوەندە بوەستێ)).

نـزار هێـور بـووەوە: ((بـڕوام پێبکـەم لەحەشمـەتانا ئاگـام لـەخۆ

نـەبوو، نـەمزانی . . بـەڵام پـێم بڵـێ: تـۆ بۆچـی لـەمن ناگـەی، بـۆ، بۆ؟!)).

قسەکەیم لەدەم قۆستەوە: (( کێشەکان ئاڵێرەوە سەر هەڵدەدەن. . فەرموو منو تۆ لەم ڕۆژگارە نـەتوانین لەسـەر شـتێك ڕێـك کـەوین، ئەی لەدواڕۆژ چۆن ڕێـك دەکـەوین؟! تـۆ زوو هەڵدەچـیو تـووڕەی، وا چاکە هەر یەکەمان بەڕێی خۆیدا بڕوا، تۆ دەسگیرانی خۆت لەبەر من لەقیسەخۆ مەدە. . بۆ منیش، باسندانم بگاتێ،خوا گەورەیە)).

سیمای نزار ڕەنگی مردوانی لێ نیشتبوو.. حیرس دایگرت،بەچـەند هەنگاوێ لێم نزیك بـۆوە، بەورەیـەکی ڕووخـاوەوە نەڕانـدی: (( باشـە ئـەی دڵ ؟! ئـەی ئـەو دەروون؟! ئـەی ئـەو خۆشەویسـتیە گـەورەی لـەنێوانمان خولقـا بوو،هـەموو ئەوانـە چ لـێ دەکـەی؟! پێـت خۆشـە بەباچن ؟! دڵت دەتوانێ لەبیرم کا؟! ئەی من چۆن لەدوای تۆ شـێت نەبمو بەدەشتێنەکەوم؟! تۆ منـت فێـری خۆشەویسـتی ژیـان کـرد. . کاتێك تۆم ناسی،وامدەزانی تازە لەدایك بوومە، ئێستاش دەتەوێ ئـاوا سووکو سانا دەسبەرداری یەکدی بین؟!)).

خۆم سرك کرد. . تاسام، ویستی بۆ یەکەمجار دەم بێنێتـە دەمـم.. پەلـــەقاژەم پێکـــەوت، ڕەنگــــی دەمو چـــاوم ســـوور هەڵگـــەڕا. . بەشڵەژاوییەوە پێم وت: ((دوورکـەوە. . بـێ ئـەدەبی نەکـەی. . دەی دوورکەوە. . وازم لێبێنە ، ئەوە دوا جارە پێت دەڵێم بەینی منوتـۆ تەواو . . لەوساتەوە منو تۆ هیچمان لەنێوان نەما. . من خواحافیز)).

نـزار وەکـو پەیکـەرێکی بێگیـان،دەمی بـوو بەتەڵـەی تـەقیوو، لەجێوە چەقی، منیش وەکو ڕەهێڵەی باران فرمێسك لەچاوم دەهاتـە خوار، بەدەم گریـانی غوربەتـەوە، ژوورەکـەم جـێ هێشـتو گەڕامـەوە ماڵ.

## -٨-

کات خێرا دەڕوا . . ڕووداوەکانیش لەجێی خۆیان دەمێننەوە. لە زاری یەك لەدەستە خوشکەکانیم بیست گوایە نزار ئەو ماوانە جوولەی پێکەوتووە، غیرەتی داوەتە بەرخۆ، بەکلۆجێ وەك هەرمرۆڤێك ئازادانە بیرو بۆچوونی خۆی دەردەبڕێو چیدی نایەوێ لەژێر دەسەڵاتی بڕیاری باوك ومامی بمێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەخۆی دەگەیەنێتە کچە دسگیرانەکەی وبێ پەروا پێی دەڵێی: (( دەبێ بمبووری ، من لەبەر ئەوەی دڵم بەکچێکی ترەوەیەو خۆشم دەوێ، حەز ناکەم بتگوازمەوە)). لەلایەکی دیکەوە زۆر لەباوکی دەکا کە هیچ چارەیەکی نییە دەبێ دەست لەوکچە بکاتەوە، ئامادەشە بێ بەرامبەر تەلاقی بدا

تا پوورەکەی لەماڵە  مێرد بمێنێتەوەو  ماڵی لێ تێك نەچێ.
مامی سەرەتا  مەندێکی دڵتۆقێن بوو، بەئامانی خوای بەرزەفت نەدەبوو، کردبوویە گەڕەلاوژێ: ((ئەمەشتێکی مەحاڵە. . نابێ. .ناکرێ. . چۆی دەبێ خوشکمان بەبەلاش بۆ خەڵکیبێو هیچ پارەو پوولێك وەرنەگرین؟!)) دواجار ململانێکە  تیژ دەبێو بەبڕەپارەیەکی کەم،دێتە ژێر بارەوە.
نزار خەمێکی ژەهراوی کوشندەتری دەئالێتە دڵو مێشكو هەموو شتێکی لەبیر  دەباتەوەو لەگۆڕەپانی ئەوکێشەیە دەست بەتاڵ دەمێنێتەوە، ئەویش لەدەستدانی من بوو، ساڵێك بەسەر ئەو دابڕانەی نێوانمان تێپەڕی،دوورو نزیك هیچ شتێکمان  لەمەڕ یەکەوە نەزانی. . من سەرکەوتوانە قۆناغی شەشی ئامادەییم بڕیو لەکۆلیژی پەروەردەی موصڵ —بەشی زمانی ئینگلیزی وەرگیرام. نسار لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەلێر ناوی دەرچوو. . نزاریش بەهۆی ئەوکێشەمە کێشەیلەقاچی ئالابوو، نەیتوانی پۆلی شەش ببڕێ..
خوێندنی کۆلیژ بەنەبوونی گەلێ زەحمەتە، مرۆڤی بەجەرگی دەوێ خۆی لەبەردابگرێ. .بەهەر ڕەزالەتو کومەلەمەرگیەك بوو، توانیم قۆناغی یەکەم ببڕم، بەلام بەقەناعەت وئارام گرتنێکی لە ڕادەبەدەر،سەرەڕای ئەوەی لەبەشی ناوخۆییکچان دەمامەوەو ڕۆژانەم بەخەرجییەکی زۆرکەم دەبردەسەر.
لەدەستپێکی ساڵی  داهاتوودا، بیرو هۆشم بەوەوە خەریکما،چۆن ئەوساڵەش بێ کێشەو لەمپەڕ لەگەڵ  هاورێکانی ساڵی پێشوو، خوێندن  تەواوکەم؟! خۆشەویستی نزار بەجارێ لەدەروونم پووکابۆوە، ئەگەر چی  جارجار دڵم هەر دەمەی بەنەزمێك دەیکوتا، خەیاڵ  دەیبردمەوە، نقوومی  ناوخۆم دەبووم. . زامەکانم دەکولاوە . . دەنێو ئەو هەڵلاو زەناو زایەڵەدا بەڕقەوە  دەمووت: ((بەڕاستی

سەیرە، بڵێ ئەوە بیر لەچی دەکەیەوە؟! کەس نا نزار . . ئەو کوڕە بێ وەفاو بێ ئەمەکەی شایانی ئەوەنییەنەك بیرکردنەوە، بەڵکو هەر ناویشی بێنی . . بەدەست کەس نییە دەفتەری چارەنووسمان لەئەزەلەوە چی تێدا تۆمارکرابێ، ئەوەیەو ناگۆڕێ، جا ترشبێ‌و تاڵبێ دەبێ پێشوازی لە ڕووداوەکان بکەین)).

بەپێی یاسا دەبێ جلو بەرگی کۆلێژ قەمیسی سپی‌و تەنوورەی ڕەساسیبێ، ئێمەش چونکە لەماڵەوە باری بژێوی‌و قووتی ڕۆژانەمان خراپ بوو، ساڵێ تەنها دەستێك جلم دەکرد، ئەویش قەمیسێکی سپی‌و تەنوورەیەکی ڕەساسی بوو کەجوان لەگەڵ ئەوجلانە دەگونجاوم‌و سەرنجی زۆرێك لەکوڕانی ئەوبەشەو بەشەکانی ترم ڕاکێشابوو، هەر چەند دەستی خۆم سوتاندبوو ببڕای ببڕ ئیتقان بەکوڕان نەکەم، کوڕان هەموویەك پێڕن،هەموویان قۆڵبڕو درۆزنن،بۆیە ئەوەی بەلامەوە گرنگبوو خوێندنەکەیەو پەلەم بوو ڕۆژێ زووتر بەسەرکەوتوویی تیایدا دەرچم. . ئەفسووس دیسان ڕۆژگار بەرۆکی گرتم‌و وازی لێ نەهێنام. . بەیانییەکیان ئاو و هەوا بەرەو ساردی پایز دەچوو، شەقامەکەجمەی دەهات، گڤەی ئۆتۆمبێلی خێراو زرمەی هۆڕینی بەرز، گەڵای درەختە مەزنەکانی دەهێنایە هەژان، هەتاوی پایز بەهەموو تیشك‌و ڕووناکی خۆیەوە دەوروپشتی داگرتبوو، تۆزێکی ورد لەپووش‌و پەلاش هەڵدەستا، گۆڕەپانی کۆلێژ پڕ قوتابی بوو، هەستم بەلەرزەیەکی فێنك ونەرم‌و لەزەتێکی شیرین کرد وا دەستە دەستە کوڕو کچ لەیەك خڕ بوونەتەوە،بەدەست خۆم نەبوو، ڕۆندکی سۆزو ئەڤین ڕژایە چاوم، کاتێ لەسووچێکی گۆڕەپانەکە چەند کەسێ بەیەکەوە وەستابووین باسمان لەو قوتابییە تازانە دەکرد کەسەرەتای ئەمساڵ وەرگیراون‌و هیچ نازانن. . پڕتاو سەرم هەڵبڕی، گەنجێکم بەرچاو کەوت ئەو نائومێدانەو بەدووچاوی تووڕەوە ئاگربارانم دەکا، وچانێك لێدیمان نۆڕی، ڕەنگو ڕووم گرژو ئاڵۆسکا، بەرچاوم


لێل بوو وائەو خەیاڵە پڕ شەرمە لەخۆ دەتەکنێم، خەیاڵم هەڵفڕی :(( ئای خوایە گیان ئەمە خەونە یاخەیاڵ؟! یامن چاوم ڕێشکەو پێشکە دەکا؟! ئا، خۆیەتی، نزار بوو. . نزار چ دەکا لێرە؟! چ ئیشی هەیە؟! کێ گەیاندوویەتیە ئێرە؟!)).

هەریەکەمان لەجێوە تاساین. . من هیچم بۆ نەما جگە لەبێ دەنگیو ترپەکانی دڵم بەگوڕتر لێیان دەدا، دووبارە ئەندێشەم بۆ ئەوساتانە هەڵفڕی کە لەکولانی مام عەزیز یەکدیمان دەدیو سەیری یەکمان دەکرد. . ئەمە تیرێ بوو قەتماغی برینی ڕابردوومی زامدار کردەوە. .نزار هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو بەپەلە پروزێ ئەو شوێنەی جێهێشت . . سەرم بەسەر سینگما شۆڕکردەوە، دیقەتم دا خەڵکەکە سەیری یەکتر دەکەن، دڵم داخورپا . . هاوڕێکانم بەتوانجەوە چاویان تێبڕیمو پلاریان لێدام: ((هاااا،ئەوە دالغەت لەچی داوە؟! دەی بڵێ. . دەی بائێمەش شتێکی لەبارەوە بزانین)).

مەچەکم هەڵبڕی، بینیم سەعات ژمێرو دەقیقە ژمێرەکەم لێکترازاون،بێ باکانە وتم: (( کەمێ دڵم تەنگە،حەز دەکەم تەنها بم. . بەیارمەیتان)) پێم هەڵێناو ڕووەو باخچەکە ملم نا. . لەوێ لەسەر یەك لەکورسیەکان دانیشتم، وەکو شێت کەوتمە چاوگێڕان. . بەدوای کێ؟! بەدوای نزار. . ئەوەندەی چاوشلبوو بەملاو بەولای خۆم بڕوانم، ئەوم نەدییەوە. . دڵنەوایی خۆم کرد: (( ئای کوڕە خۆ ئەوە نزار بوو.. باشە دەبێ لێرە چیبکات ؟! کێ هێناویەتە ئێرە؟! ناکا ناوی لێرە هاتبێتەوە؟! نا. . باوەڕ ناکەم. . ئای خوایەگیان ئێستا چیبکەم؟! وتم ئەوە لەبیرم کردو تاهەتایە لەکۆڵم بۆوە،کەچی لەمەودوا دێتەوە بەرچاوم. . نا. . باوەڕناکەم)).

لەلایەك دڵم دەگوشرا بەوهاتن ودیتنەی ناڕەحەت دەبووم، کەچی لەلایەکی دیکەوە دڵگوشاد دەبووم بیبینمەوە وجارێکی دی دوای تێپەڕ بوونی ئەو ماوە دورو درێژە، چاوم پێی بکەوێ. . ڕاستە نان

ببێتــــه دووکــــەرت، چـــاك نابێتـــەوه، لەوانەیـــە نـــزار ئێستا ژنی هێنـابێ‌و منـداڵی هەبێ. ئای نەفامو شـێتم، بزانه کـاتی خـۆم بەچییەوه دەکـــوژم؟! بڵـــێ چـــیم داوەتێ؟! چاوی دەردەهات، باهەرلێره بخوێنێ،حیسابی سەگیشـی بـۆ ناکـەم. ئـەو لـەماڵی خـۆی‌و مـن لـەماڵێ خۆم)).



-٩-

سروشتی زانكۆ واڕسكاوه، بەدەست منو تۆ نییە ،كەسێك ئاگای لەمەحمودی بێ زەواڵیش نەبێ، یەكێك هەیە باسی بكا، بۆیە لەهەڵدانەوەی لاپەڕەكانی گەنجو كۆلیژەكان، بەتایبەت لەمەڕ قازە تازەكانەوە، بۆم دەركەوت نزار ناوی لەبەشی بایالۆژی ئەوكۆلیژە هاتۆتەوە كەمن دووەمین ساڵە دەرسی تێدا دەخوێنم. . زوو زوو یەكمان دەبینی. . لەجاران خراپتر بەدەركەوتنی لەهەرشوێنو جێگەیەكدا، پەستی دایدەگرتم، بەچاوی ڕقەوە تەماشام دەكرد . . هەركاتێ سەیری بكردباماية،ئەوە یەكسەر لچم لێ هەڵدەێنا، بڕیاریشم دابوو لەئاستیدا سڵ نەكەمەوە، بەتوندی بەڕەنگاری بووەستم. . زۆر

جـار وا خـۆم نیشـان دەدا سـەرم بەسـەر کتێبێـك شـۆڕکردۆتەوەو خەریکی خوێندنەوەم،ئەویش ساتێك چییە جـێ‌ی بـەخۆی نـەدەگرت، بـێ تـرس وبـیم لەبەرامبـەرم دەوەسـتا یـا دادەنیشـت وبـێ شـەرمانە سـەیری دەکـردم، چـاوەکانی بـۆ هـەر نیگایـەك کۆمـەڵێ تیشـکی خۆشەویستی‌و سۆزو هەستی لێ دەرباری، جارجار سەرنجی قووڵمـان تێك دەئالا، کتو وپڕ سەرم دادەگرت‌و خۆم لێـی کـەڕ دەکـرد ،کەچـی هەرتاوێ دوان بوو، نەمدەتوانی بەرگەی موگناتیسی چاوەکانی بگـرم، سەرم هەڵدەبڕی‌و چاوم لەچاوی بەتەڵەو یەکانگیر دەبۆوە.

یەك دوو مانگمان بەم جۆرە بەڕێ کـرد. . ڕۆژێکیـان بـەرەو هـۆڵی خوێندن هەنگاومدەنا، نزارم کەوتە بەربین،هاتە پێشـم.. دۆش دامـا، بەتالووکەوە لێم پاڕایەوەو بەچرپە دای بەگوێما: ((ڕوخسـەت هەیـە؟! دەتوانم قسەت لەگەڵا بکەم؟!)).

روخسارم تێك ترشا، بەپەشۆکاوییەوە: ((نەخێر)).

پێم هەڵێنا بڕۆم، دەرفەتی دەرچوونی پێ نەدام، ناچـار وەسـتام‌و بە مـەکرەوە سـەرم هـەڵبڕی، وەکـو گەواڵـە هـەورێکی تـەنکی هاوینـە بڕەوێتەوە، ڕەنگم هەڵبزڕکاو دەمم هـەڵێنا: (( جـوان گـوێ بگـرە. . وابزانم هیچ قسـەیەك نـەماوە تـا قسـەی لەسـەر بکـەین. . تکایـە ڕێـم بەردە، بڕۆم)).

نزار کەوتە دەخالەتم : (( دەسـتم دامێنـت، ئـەوەی مـن کـردم، تـۆ مەیکە. . داوای لێبـوردنم هەیـە، دەمـەوێ یـەك دوو قسـەت پـێ بڵـێم، بەس هەستم لێ ڕاگرە بزانـە چـی دەڵـێم. . بەهەقیقـەت ئەمـە گـوزەر نییە من‌و تۆی تیا دەژێین؟!)).

لچێکم لێ هەڵێنا، ئاوڕێکی چەپ‌و راستم دایەوە: (( گوزەری چـی‌و تەڕماشی چـی؟! پـێم خۆشـە بزانـی تـۆ واهەڵنەخـەڵتێی کەتەماشـات دەکەم، ئەوە حەزم لێ کردووی و وەکو پێشان خۆشم دەوێی؟! نـا. . هەرگیزاو هەرگیز من ئەو گەلاوێژە نیم تۆ لەکەرکوك ناسیووتە. . من

ئێستا مرۆڤێکی ئازادو سەربەستم، هیچ شتێ نازانم تەنها ئەوەندەی بیزانم، لەناخەوە ڕقم لێتە، نامەوێ بچمت ببینم)).

بەم قسانە شڵەژا، کەوتە دەم جووڵاندن، نەختێ خۆی هێناو برد، خۆی گیڤ کردەوە: (( نا. . نا، ڕاست نییە. . تۆ چاوەکانت وانالێ، لەجاران زیاتر منت خۆش دەوێ، منیش وەکو تۆم. . من بەمە ڕازیم بلێم بەلێ خەتای من بوو، بەڵام ئێستا. . .))

وەك خۆم لەبەر ئازارێکی زۆردا گرتبێ، پتر تێڕامام ،نەمهێشت قسەکەی تەواوکات، قۆڵو باسکم لێ هەڵکردو بەتووڕەییەوە بەسەریم دا نەڕاند: ((چی؟! ئێستاچی؟! ئێستا ژنت هێناوە، جا یا ئەوەتە منداڵت هەیە یاخود ئەو دەسگیرانەت تەڵاقداوە، لەمەبترازێ شتی تازە چیی هەیە؟!))

نزار سەری خستە ناوهەردوو لەپیەوە،ماندوانەو بەتۆزێ هێوربوونەوە: ((نەخێر . . تۆ لەمن ناگەی، من دەسگیرانەکەم تەڵاقدا،ئیستا ئەوەی کێشەیە نیمە. . باشە ؟!)).

بەحیرسەوە بزەیەکی دەستکردم بۆ نایە سەرلێو: (( ئەی من چی دەلێم؟! سەرباری هەموو ئەمانە، بێگومان پوورەکەشت بەدوو منداڵەوە تەڵاقدراوە، وانییەی)).

بەوپەڕی باوەڕ بوونەوە، بەهێمنیو لەسەر خۆ وەڵامی دامەوە :((نەخێر خۆشبەختانە ئەو تەڵاق نەدرا. . ئەو لەماڵی خۆیەتی، دوورو نزیك پەیوەندی بەوکیشانەوەنەما))

چاوم بڕییەچاوی، بەتووڕەییەکی زۆرەوە هاوارم کرد: (( دەك سەرا لەئەقڵت. ئینجا دەڵێی چی؟! باشە چیبکەم؟! تەڵاقت داوە ،نەداوە ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نییە. . من ئەوەندە گەمژەو ساویلکە نەماوم خەفەت بخۆم ،پشی بخۆمەوە،. .گوێش بەوە نادەم ئایا تۆ ژن دێنی یا ناهێنی یا تەڵاقی دەدەی، ئەمانە پەیوەستن بەژیانی تۆوە . . تکا دەکەم وازم لێبێنە، ئەستەمە منو تۆ جارێکی دیکە بتوانین


خەنیو خۆشی وەك جاری جاران پێکەوە قسە بکەین، تێ گەیشتی؟! من ژیانی تایبەتی خۆم هەیە، قەبوڵناکەم کەس لێمی تێکدات یا لێمی زەوتکا)).

لەهێکڕا گورجو گوڵ هەنگاوی دزانەمناو تێپەڕیم. نزار بەدڵشکاوییەوە وەکو بینایەکی گەورە لەژێر تەمەڵەکەی برۆخێ، زۆر تێکچوو ،وروژا، نەیدەزانی ڕووبکاتە کوێو سەری کاسی بۆ کام مەنزڵ هەڵگرێ؟! منیش بێ دەسەڵاتانەو سووكو سانا بەرەو باخچەکە داغل بوومەوە، لاتەریك لەسەر کورسیەك دانیشتم، فرمێسکەکانی چاوم دەیانویست بێنە خوارەوە ،خۆم گرتو بەبێ دەنگی لە لەناخەوە کەوتمە کەفو کوڵی گریانو فرمێسك ڕشتن.

نزار شێتو هار ببوو،چەند جارێکی دیکە هاتە پێشم و ڕێی پێ دەگرتم، بەدەنگێکی نزمی پڕ بەزەییەوە دەیوت: (( خۆشتم دەوێ. . ناتوانم لێت دابڕێم، خۆشتم دەوێ)).

هەوڵو تواناکانی لەڕازیکردنی دڵی مندا بێ هودە بوو، خۆم لەگوورە نەدەبرد، وام نیشان دەدا دڵم بەکوڕێکی ترەوەیە ئەویش ناوی ئەحمەدەو لەهەمان بەشی ئینگلیزی دایە، ئەحمەد هەندە گێلۆکە بوو، بەو پێکەنین وبزەو خەندەی بەدەمیەوە دەخەنیمەوە، وایدەزانی ئەوە دونیا کۆتایی پێهات،من بۆی شێت وشبر بوومەو خۆشم دەوێ، واش نەبوو،چونکە ئەوسیناریۆیە تەنها لەدژی نزارو بۆ ئازاردانی دەروونی ئەوبوو.

ئەحمەد دەیزانی نزار لەدەورم دەگەڕێوبۆم سوتاوە، زوو زوو دیپرسی: ((ئەرێ گەولاێژ خان ببوورە نازانم بلێم چی؟! ئەرێ تۆ ئەوکوڕە چۆن دەناسی؟! خەڵکی کوێیە؟!)).



بەگاڵتـــەو لاقرتێـــوە، گەرماو گەرم دەموت: (( ئـەو مەلعووونــە لەكەركوكــەوە دەناســـم، خوشـــكەكەی برادەرمە )).

ئەحمـەد ئـەو ماوانـە وەك بلێـی زۆر زان ببـوو، دركـی بـەوە دەكـرد منـیش نـزارم خۆش دەوێ، بەتایبەت كاتێ نـزارم دەبینـی، بـێ هـیچ مەبەسـتێك بابـەتی جیاجیـاو لابـەلام لەگـەڵی دەكـردەوە وگـرنگیم پێـی دەدا، گوایـە خۆشم دەوێ)).

تەزوویـەكی پـڕ لـەزەت بەترس‌و شـەرمەوە بەهـەموو دەمارەكانمـــدا مێرووڵـــەی دەكـــــــردو گــــــەرم دادەهات،چـەندی دەكـردم‌و دەمكۆشـــا نـــزار یەخـــەم بـــەردات، هـــەر یەخـــەی بەرنەدام.

## -١٠-


نزار هەرکاتێ ئەحمەدی ببینیایە، غیرەی لێ دەکرد. . بەرکێکی خەستو خۆڵەوە، لێی مۆڕ دەبۆوە ،کەچی هیچیشی دەرهەق پێ نەدەکرا، دەیشیزانی ئەو کوڕە بێ خەتایەو هەموو سووچەکە لەمنەوەیەو، تەنها وتەنها دەمەوێ ئازاری دەروونی بدەم. . ڕۆژانە وەکو خۆ خۆرە خۆی دەخواردەوەو ددانی دەچیڕەوە دەبردن.

قۆناغێکی ترمان بەم شێوەیە بڕی . . من چوومە قۆناغی سێیەمو نزار چووە قۆناغی دووەم بێ ئەوەی چ تروسکاییەکی ئومێدو خۆشیمان لەنێوان بەدی بکرێ، ئەوەندەی دڵڕەقیم لەبەرامبەری دەنواند ،ئەوەندەیتر لەناخەوە بۆی دەڕووخامو زیاتر لەجاران خۆشم دەویست، نەشم دەویست نهێنی ئەو مەتەڵە ئاشکرا بکەم، چونکە هەموو ئەوهەرایەم تۆڵەسەندنەوە بوو لەو درۆیانەی ڕۆژێ لەرۆژان لەگەڵیدا کردبووم.

ڕۆژگار هاتو چوو. . دەرچوونو گەڕان بۆ شاری موصڵو شوێنە خۆشەکانو گەشتەکانی ساڵانەی قوتابیان بەردەوامبوو.

نـزار زوو زوو بـەماتو نیگەرانییـەوە سـەردانی باخچـەی گشـتی دەکرد، لەوێ بەبێ دەنگی بیری دەکردەوە.

ئەحمەدیش لێکدا لێکدا دەکەوتە ناوکێشەی مـنو نـزار. . نـزاریش بەو دەست تێوەردانە پەسـت دەبـوو، چـونکە مـن ئـەوم وەکو چەکێکی بـێ دەسـەڵات بـەکار دێنـاو گـەرم وگوڕانـە برادەرایـــــەتیم دەکـــــرد، سـەرەنجامیش بـەوە گەیشـت قوتابیان بـێ پـەروا پـێم بڵـێن :(( گەلاوێـژ پـیرۆزە پـیرۆز، توانیوتانە بـە ئەدەبـەوە تـۆو ئەحمـــــــــــــــەد پەیوەندیخۆشەویســـــــتی ببەستن)).



ئێوارەیەکیان نـزار هانکـە هانـــــك، بەناڕەحەتیـــــەوە کەجواناوی لەشی دادەچۆڕکاو بەکـەس بـەرزەفت نـەدەبوو، بـەبێ ئۆقرەییـەوە پرسـی: (( پـێم بڵـێ ڕاسـتە پەیوەنـدیت بەئەحمەدەوە هەیە؟!)).

لچـم دابــوو بەیـــەکا. . دەسـتم نایـە ژێـر چـەناگەو

چاوم داخست وەك بیر لەشتێك بكەمەوە،بەلێو هەلقرچانێكەوە سەرم بەرزكردەوە: ((بەڵێ، راستە. . هیچ كارێكت پێی هەبوو؟!)).

نزارم هێنایە جووڵە. . هەناسە بڕكێی، وەك ئاگری ئاو پێداكراوی لێهات، شێتانە چنگی لەمەچكم گیر كردو ڕووەو بەشەكەی، خۆی بەكێش كردو بەتووڕەییەوە: ((نەخێر هیچ كارم پێی نییە)).

وچانێكی وەڕسكەرو بێز هەستێن بوو. . بەپەلەو لینگدان ئەوێی جێ هێشت . . ڕۆژ لەئاوابووندا بوو، تیشكە لاوازەكەی لەسەر سینگی گیرسابۆوە،چەند پەڵەهەورێكی ڕەشی چڵكنیش بەئاسمانە بێگەردەكەی ئەوشارە، بەرەو مەملەكەتێكی نادیار تێ دەپەڕی.



-١١-

هـــەژانێکی تونـــد دەهـــەژام و لەناخـــەوە مەینـــەت و ئـــازارێکی زۆرم دەکێشا، چونکە ئەوەی من دەمکـردو ئـەوخۆ دەرخسـتنەی دەرهـەق بـەنزار دەرمـدەبڕی، لەڕاسـتیەوە دوور بـوو. . چـەند ڕۆژێ ڕابـورد، ئێوارەیـەکیان نـزار منـی بـەبێ دەنگـی بینـی ئـەوە دڵتـەنگ، بەنیگەرانییەوە چاوم لەپوورزێکەوە بۆ پوورزێکی تر دەگوازمەوە، بەرەو لام هـات، وەکـو گـوڵ بگەشـێتەوە ئـاوا رەنـگو رووم گەشـایەوە. . لەهاوڕێکانم نزیك بوومەوە، رووی خۆم سووڕاندو بانگی ئەحمەدم کرد.

نزار تووڕە بوایە وەك منالێکی سرك و بزێو دەهاتە بەرچاو، لەوئان و سـاتە، سـەیری کاتژمێرەکـەی دەسـتی کرد،چـوارو چـارەگی خوێندەوە،گەیشـتە راسـتمان. . هەڵوێسـتەیەکی کـرد، بـەئحم ئحمـێ گەرووی پاك کردەوە، هەناسەیەکی هەڵکێشا، بەدەنگێکی نزمەوە بـێ سـیو دوودەسـتی پـێکرد: (( ئەوکاتـەتان بـاش)) کـەڕووی بـەلادا

وەرچەرخاندم: ( گەلاوێژخان ڕوخسەت هەیە یەك دوو قسـەت لەگـەڵدا بکەم؟!)).

دەستم بەجانتاو دەفتەرەکانم توند گـرت. . شـێوام. . نەمـدەزانی نەبڵێم ئا، نەبڵێم نا . . کەم سـاتێك بـێ دەنـگ بـووم . . هاوڕێکـانم ئەبڵەق بوون، سەر جەلەی بیریان ئالۆزکا، غەڵبـە غـەڵب پەیـدا بـوو. . زەردەخەنەیەکم بۆ لەسەر لێو دروست کرد، تـاوا بزانـێ کـە تۆسـقاڵێك داخ لەدڵو دەروونما نییە: (( بەڵـێ . . فەرموو)).

نـــزار زمـــانی ئاخافـــت : ((کـــوا شـــکانی پاپۆرەکـــەم بوایـــە، واخەریکەخۆشم دەکەومە بن دەریاوە. . بەڵام لێرەنا)).

یارمـــەتیم لـــەهاوڕێکانم خواســـت، نـــەختێ لێیـــام دوورکەوتمـــەوە ،هەردووماســـی ڕەشـــی سەرچـــاوانم لـــەرزینو وێـــك هاتنـــەوە: ((فـــەرموو قسەی چیت پێمە؟!)).

جۆرە سەرخۆشیەك هەمووگیانیداگرت، بیرکردنـەوە دەمارەکـانی لەشـی سسـت کـرد، بەبێزارییەکـەوە: (( دەڵـێم وەرە بەگـەرم کـەوە، ئیشم پێتە)).

کەئەمـەی پـێ وتم وەك خـەڵاتێکی بـەنرخم بکـا، دەمو چـاوم وەك گوڵ گەشایەوە کەچـی زۆریـش ترسـام، بەسەرسـامیەکەوەپێم وت: ( ئاخر نابێ پێم بڵێی بۆ کوێم دەبەی؟! من لەگەڵت نایەم)).

ویســتم بگەڕێمــەوە کەلەتــەك ئــەو نزیکانــەی دەرگــای کۆلیژەکـە بووین، توند دەستیگرتمو بەڕاکێشان بردمی. . زۆر تێکچووم: (پێـت دەڵێم دەستم بەردە باخەڵکی گوێی لەدەنگمان نەبێو نەمانبینێ)).

دەمـــارگیرو ســـەرگران،گوێی لـــێ ڕانـــەگرتمو لـــەرۆخی جـــادە سەرەکیەکەدا، دەستی لەئۆتۆمبێلێك بەرزکردەوە. . منی خستە نـاوی وقیـت وقـۆز لەتـەکم دانیشـت. ڕۆح هاتـە کونـە لـووتم، ئـۆقرەم لـێ هەڵگیرا، لەژێرەوەکەوتمە بڵمە بڵم: ((کابرا ئەوە شێتی ؟! چـی؟! بـۆ کوێم دەبەی؟! من دادەبەزم،نایەم بەساقەی سـەرتبم کـاکی سـایەق،

توخوا رایگره؟!)).
نزار ویستی بەسەر هەڵچوونی خۆی زاڵبێ، بەهێوریەکی کەمەوە: ((کاکە بڕۆ، گوێی لێ مەگرە سوعبەت دەکا، بمانگەیەنە باخچەکەی دەرەوەی شار)).
تاگەیشتینە جێو دابەزین، ترسێکی زۆرم لێ نیشتبوو. .کرو بێ دەنگ. متەقم لێوە نەدەهات، لەوێ لەسووچێکی باخچەکە وەستاین، بە تەوسەوە کەوتمە روانینی ئەوشوێنە، تەنیا چەند کەسێکم بەدی کرد، وادیار بوو ئەوێ جێگەیەکی خۆشبێ بۆ دڵدارانو بەدەسگیرانبووەکان،چاوێکی سەرتاپاگرم پێدا گێڕا، ڕەنگم هەڵبزڕکاو پشیم سوار بوو: (( پەح پەح پەح. . ئەوە نەخەڵەفاوی؟! بۆچی منت هێناوەتە ئێرە. .؟! دەی بمبەوە، دەمەوێ بگەڕێمەوە؟! ئەوەتۆ بەقەستی واناکەی؟! بۆ وازم لێ نایێنی؟! یەکجار دەڵێم بەرۆکم بەردە، بەرۆکم بەردە، ئیتر تەواو)).
بەم قسانە هێندەی دی پەستو نیگەران بوو. . بێ هەستو خوست پێی هەڵێناو لەدووری چەند مەترێك بۆ چەند تاوێ بەبێ دەنگی دانیشت. . جارێکی دیکە لێکدیمان نۆڕی. . چاومان بەسەر چاوی یەکترەوە لەنگەری گرت، بەدڵێکی پڕ لەترس و ژانەوە هاوارم کردێ: (( کوڕە وەرە بمبەوە، دڵم تەقی. . نامەوێ لێرەبم)).
نزار وەك هەست بەجۆرە بێزەوەریەك بکاو دڵی بگوشرێ، توند ڕاست بۆوە، چاوە پڕکینەکانی تێبڕیمو سەرتەبەقەی قسانی شکاند: (( من نەشێتمو نەدرۆزنم. .نەمرۆڤێکی بێ وەفاو بێ سیفەتیشم غیرەتم نەبێ.. من تۆم بۆ ئێرە هێناوە ناتبەمەوە، تێگەیشتی؟! چیشت لەدەست دێ، قسووریمەکە،ئەوجا بائەحمەد بێ بتباتەوە)).
بێ ئەوەی تۆزقاڵێك لەڕەوتی خۆ بکەوم، دەرونیم خرۆشاند. . وەك یاری بەگیانی بکەم، تووڕەتر بەسەریم نەڕاند: ( سەرم بەدەرگای گەلێ خۆزگەو بریایاندا کرد . .ئێستا حاڵی بووم تۆ بۆچی

منت هێناوەتە ئێرە؟ ! بەس لەبەر ئەوەی ئەحمەد خۆشمی دەوێ. . ئای کە دڵکرمێو خۆپەرستی. . بنۆڕێ بنۆڕێ چەند حەز دەکا تەنها ژیانی خۆی خۆشبێ. . پێم خۆشە چاك بزانی ،ئەحمەد کوڕێکی رێكو پێکە. . بەوەفایەو نازانێ درۆ بکات))؟

بەم قسانە هەراسان بوو، ماوەیەك خەریکما ،وەکو خەفەتێکی تازەم خستبێتە هەناوییەوە، گەلێ بیرەوەری تاڵم بە بیرهێناوە، بەداخو زووخاوێکی تاڵەوە هاتە پێش و هەردوودەستی گرتم: (( نەخێر من درۆزن نیم،تۆ لەمن درۆزنتری . .من دەزانم حیساب لەکوێیەو کیتاب لەکوێیە؟! تۆ ئەحمەدت خۆش ناوێ، تەنها لەڕقی من قسەی لەگەڵ دەکەی، بە دەمیەوە پێدەکەنی. . تۆ لەمن بترازێ ناتوانی کەسی ترت خۆشبوێو ناتوانی ئەو ڕاستیە بشارییەوە)).

پڕ چاوم ئاوبوو،بەپەشۆکاویەوە: ((وانییە . .من ئێستا چ تۆم خۆش ناوێ. . وەڵا هەر ئەوتۆمەتە مابوو بیخەیتە پاڵم)).

نزار ملچەملچێکی کردو تێهەڵچۆوە: (( باوەڕناکەم. . تۆ ناتوانی هەر قسەش بکەی، گەرمنت خۆش نەوێ . . فەرموو ئەی بۆچی کاتێ لەکۆلێژ دیار نەبم، بەچاوت بەدوام دەگەڕێی، کەمنیش دەبینی خۆت لەخەتی گێژی دەدەی . . دڵنیام بەدڵ منت خۆش دەوێ)).

بەمە تاسەر ئیسکانم کاری کرد، دڵم کوتە کوتی بوو، گلێنە ڕەشەکانم ئەمسەرو ئەوسەر پێکردن، چونکە هەموو قسەکانی راست بوو، لەدەروونەوە ئازاریان دام . . دەستم لەدەستی دەرکردو بەدەم گریانەوە لێی دورکەوتمەوە: (( وازم لێ بێنە. . توخوا بەسە، لەمە زیاتر چیتر ئازارم مەدە)).

ئەو لافاوەی زۆر دەمێکە بەزۆرداری لەناخمدا پەنگی خواردبۆوە،بەزۆر نەمدەهێشت شەپۆڵ بداو بڕشێ، لەم ساتەدا پانتایی چاوەکانمی داپۆشی، فرمێسك لەدوای فرمێسك رێگەی دەبڕی، دەنگی گریانم دەرچوو.

نـزار هەسـتێکی ڕاگـرت، هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵمـژی. . زانـی ئازاری پێگەیاندوم، سەری دونیای لێ وێك هاتەوە،بەچاوێکی پـڕئێش‌و ئـازار سـەیری کـردم، بـەدەنگێکی گـڕو پـڕ لەخرمـەوە کەوتـە هـاوارو فیغـان: (( زۆر سوپاسـی ئەودڵـە بەزەییـەت دەکـەم.. بزانـە گەلاوێـژ قسەکانم ڕاسـتە بۆیـە بەرگـەی نـاگری. . بەراسـتی مـن‌و تـۆ یـەکمان خۆش دەوێ، بەڵام تۆ ڕێگە بەوخۆشەویستیە نادەی؟! هەقی تۆیـە، من یەکەم ڕۆژ درۆم کـردو هەڵـەم کـرد بـەڵام ئێسـتا پێـی لـێ دەنـێم‌و بەڵێنت دەدەمێ درۆ نەکەم‌و هەڵـەی وا دووبـارە نەکەمـەوە،داوات لـێ دەکەم تەنها یەکجاری دی خۆشمت بوێ. تۆ بەس ئەمجارە بەدڵی من ڕازیبـە، هـەرگیز هیچـت لـێ ناشـارمەوە وهـەرگیز هەڵـەی وا دووبـارە ناکەمەوە)).

ویستی دەستم بگرێ‌و کەمێ هێورم بکاتەوە، لێی دوورکەوتمـەوە . . کت‌و پـڕ ورشـەی بایـەکی سـارد رایچڵەکاندم، پشـوویەك بـێ دەنـگ بووم، بەسەریم شیڕاند: (( داوات لێ دەکەم، نزیکم مەکەوە)).

لەسـەر گریـەو زاری خـۆ بـەردەوامبووم. . بەگوێبیسـت بـوونی قسەکانی ئەو، گڵپەی گریانم زیاد دەبوو.

خەم‌و پەژارە هێندەی تـر دڵـی نـزاری داگـرت، بـەهێمنی هاتـە تەنیشم‌و دانیشت دەستی هێناو بەتوندی دەسـتی گوشـیم‌و بـەقوڕگی پڕ لەهەنسکەوە وشەی ناسك‌و خۆشی پڕ لەسۆزی بەگوێما چرپاند: (( دەی گیانەکەم، توخوا قسەیەك بکە . . بەس بگری، من تۆم بۆ ئێرە نـەهێناوە ئـازارت بـدەم. . دەمـەوێ تێمبگـەی ،بزانـی منـیش مرۆڤم،خۆشـتم دەوێ‌و ئیـدی بەرگـەی ئـەوە نـاگرم هـەر لـەدوورەوە تەماشاتکەم. . دەمەوێ قسەم بۆ بکەی بۆچی بـەمن ڕازی نـی؟! بـۆ خۆشەویستی دڵم قەبوڵ ناکەی؟! توخوا قسەی ناشـیرینم پـێ بڵـێ. . لێمدە. . چیت لەدڵدایەو هەرچی کەف‌و کوڵی ناوەوەت هەیە هەموویم پێداڕێژە، بەس مەگریێ)).

ئەشق و ئەڤین لەنێوانمان کەوتە باڵەفڕکێ. . رووم بەلادا سووڕاند، بەرگەی قسەکانیم نەگرت، خۆم نایە ئامێزی گەرمی و گریانەکەم هێندەی دی بەگوڕتر کرد.

نزار بەهێنمی زمانی گەڕاند: (( بەسە گیانەکەم. . بمبوورە زۆرم ئازاردای)).

ووردەوردەگریانەکەم هێور بۆوە، بەچمکی کراسە سپیەکەم، فرمێسکە بخووڕەکەم سڕی و بەدەم هەنسکدانەوە ڕازی دڵم بۆی ڕێشت: ((نزار گیان خۆشم دەوێی. . ناتوانم بێ تۆ هەڵکەم ،لەو ڕۆژەوەی لێك دابڕاوین، من هەربەئازارەوە دەژێم . .گیانە دەزانی من زۆر دەترسێم؟!)).

بەتاسەوە وتی: (( لەچی دەترسی؟!))

بەدەم زەردەخەنەیەکی گەشەوە وتم: (( ئاسۆی دوا ڕۆژ لەبەرچاومان ڕوونە،بەڵام هێشتا لەتۆ دەترسم ڕۆژێبێ وازم لێ بێنی یان وەك یەکەمجار شتێ ببێە هۆو بەناچاری واز لەیەك بێنین)).

نزا ردەستی بەسەرسەرم داهێناو بەقووڵی تەماشای کردم: (( دڵنیا بەمەگەر گڵ ، وەئەگینا هیچ کەسێك ناتوانێ جارێکی دی نێوانمان تێکداو لێکمانکاتەوە.. تۆش گەر ڕازی بی من ئەم پێنج شەممە دەچمەوە ماڵ، بەباوك و دایکم دەڵێم بۆ وەرگرتنی دەستی تۆ، بۆ خوازبێنیت بێنە ماڵتان)).

لەخۆشیا بزەم لەلێو نەدەبۆوە.ئەویش بەسۆزو کەیفسازیەوە بۆی دەڕوانیم و هەر خۆی نەگرت، ماچێکی کت و پڕی گەرم و تەڕی سەرکوڵمەی کردم. . قیچێ خۆم لێی لاداو بەتاسەوە: (( گیانە درەنگە، بابڕۆینەوە؟!)).

نزار تووکی سەری یەکپارچە بوو بووە ئاو. شەرم دایگرت، بەئەدەبەوە: ((بمبوورە)). بەچرپەپەیەکەوە وتم: (( پێم خۆش نییە هەڵەبکەین)).



نزار بزەیەکی هاتێ: (( هەڵـەی چی؟! هەڵـە؟! مـن وادەزانم تـازە لەدایك بوومە، ئەم کاتـە خۆشـترین کاتـەکانی ژیانمـە، گـەر شـێتبم، دەست بوەشێنم، یا هەرهەڵەیـەك بکەم، لێمی بگری یانەگری، ناهەقم نییە خۆشتم دەوێ خۆۆۆۆش)).

کـەوتم: (( بـەخوای مـن لـەتۆ خـراپترم. لـەتۆ خـراپتر ئـاگرم لەدەروون بەربووە، گەر بڵێم لـەتۆ شـێت تـر بوومـە، ڕاسـت دەکـەم، بـەڵام درەنگـە باتاسـەی قسـەکانی ئەوچەند ساڵەمان لـە دانیشـتنێکی دیکە بشکێنین)).

زوڵاڵو عاشقانە وتـی: (( ئـا. باشـە گیانـە ،بـەڵام هێشـتا زووە، توخـوا دانیشـە بـابۆ چەندسـاتێ بەخۆشـی پێکـەوە دانیشـین، زۆر دەمێکـە تامـەزرۆی ئەوسـاتانەم لەگەڵ تۆدا)).

دەستمان نایە دەستی یەکدی، لەسـەر یـەك لەکورسـیەکانی ئـەوێ دانیشتین و تا ئیوارەیەکی درەنـگ ، یەکەیەکـە لاپـەڕەکانی ئەوچـەند ساڵەمان هەڵدەداوە کەدوور لەیەك، بە خەمو خەفەت شەومان دەکردەوەو ڕۆژمان بەڕێ دەکرد.

# پەیڤێك بۆ ئەم كتێبە

بێگومان من وەك خوێنەرێكی ئەم كتێبە لەگەڵ خوێندنەوەو گوێبیست
وونی بەسەرهاتی حیكایەتی ئەم كچەی زانكۆ، زامو وبرینو یادە تاڵو
اخۆشەكانی كەسانی زانكۆم هاتەوە یاد، كاتێ عەشقە فاشیلو ترسناكو
گوماناویەی هاوشێوەی ئەم كچە رەنگدانەوەی زۆربەی زۆری قوتابیانی زانكۆیە
كەدەیانویست لەژێر سێبەری عەشقو خۆشەویستی ژیانێكی نوێ دروست
كەنو بەحەزو خۆزگەوە چاوەڕوانی داهاتووی تەمەنیان دەكرد، كەچی
رەشەبای فیراق وخەمو خەفەت و بێ ئەمەكی خەونە سپیەكانیانی رەش
كرد! ! ! كاتێ ئەوانیش كەئەم كتێبەیان خوێندەوە خۆیان لەتابلۆی بەسەر
هاتەكان دۆزیوەتەوە.

**ئاری ئاغۆك**